خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5902) سێ شەممە 31ی کانوونی یەکەم 2019 «12» لاپەڕە «500» دینار



ساڵی نوێ- تان پیرۆز بێت

بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی، پیرۆزباییەکی گەرم لە گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتەکانییەوە، بەتایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و بریندارانو پێشمەرگە قارەمانەکان و ئەندام و لایەنگرانی پارتیمان و جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین، هیوادارین ساڵی 2020 ساڵی بەدیهێنانی ئاواتی گەورەی خەڵکی کوردستان و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت.

بەم بۆنەیەوە، بە خوێنەرانی خۆشەویستی رۆژنامەکەمان رادەگەیەنین کە (خەبات) بەبۆنەی پشووی سەری ساڵەوە دەرناچێت و رۆژی یەکشەمە 2020/1/5 دێینەوە خزمەتتان.

2019 بۆ هەرێمی کوردستان ساڵی بووژانەوەی ئابووری و دەستکەوتی سیاسی













ساڵی 2019 ساڵێکی ئاسایی نەبوو بۆ کوردستان، ساڵێکی پڕاوپڕ لە رووداوی سیاسی و دەستکەوت بوو کە کوردستان توانی لە هەموو رووێکەوە ببووژێتەوە و گەشە بکات، شارەزایانیش دەڵێن، ساڵی 2019 بۆ هەرێمی کوردستان ساڵێکی پڕ دەستکەوت بوو. ئەمانە بەشێکن لەو دەستکەوت و بووژانەوانەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019دا.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکووک تا دەگاتە مووسڵ و دیالە بەئاشکرا جموجوڵیان هەیە

فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک-پردێ رایدەگەیەنێت، ڕێژەی چەکدارانی داعش ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچە کوردستانییەکان زیاد دەبن و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت و ڕێگری نەکرێت، دەبنە مەترسیی جددی، بەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندان.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سائیروون: عەبادی لە گرێکوێرەی لەدەستدانی پۆستی سەرۆکوەزیران دەژی

هاوپەیمانیی سائیروون کە موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر پشتگیریی دەکات، لە وەڵامی حەیدەر عەبادی ڕایدەگەیێنێت، چاوەڕێ بوون سەرۆکوەزیرانی پێشوو قسە لەبارەی ئەوانە بکات کە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا عێراقیان دۆشیوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەلکانە.. 100 دۆنم زەوی دیکەی هاوواڵاتییانی کورد داگیر کرا

هاوواڵاتییەکی کورد: هێزەکانی عێراق و عەرەبە هاوردەکان دەستبەسەر 300 دۆنم زەوی دیکەدا دەگرن

دوێنێ دووشەمە لە گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان 100 دۆنم زەوی هاوواڵاتییانی کورد داگیر کرا و دراوە بە عەرەبە هاوردەکان. بەگوێرەی کوردستان 24 هاوواڵاتییەکی دانیشتووی گوندی پەلکانە کە نەیویستووە ناوی بنووسرێت رایگەیاندووە: دەست بەسەر 100 دۆنم زەوی کوردانی پەلکانەدا داگیرا و درا بەو عەرەبانەی کە لەناوچەکانی دیکەی عێراق هێنراونەتە ناوچەکە. گوتیشی: چەند ڕووپێوێک لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان بوون و سەربازیشیان لەگەڵ بوون، بە مەترپێو زەوییەکەیان دیارکرد. ئەو هاوواڵاتییەی گوندی پەلکانە ئاماژەی بەوەشداوە بەپێی ئەو زانیارییانەی بە ئێمە دراوە جارێکی دیکە هێزەکانی عێراق و عەرەبە هاوردەکان دێنەوە و دەستبەسەر 300 دۆنمی دیکەی هاوواڵاتییانی کوردا دەگرن. پێشتر فراکسیۆنە کوردستانییەکان کێشەی داگیرکردنی زەوی و خانووبەرەی هاوواڵاتییانی کوردیان لە گوندی پەلکانە و کەرکووک و دەوروبەری گەیاندووەتە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەڵێنی چارەسەرکردنیش بە پەرلەمانتارە کوردەکان دراوە.

ئەمەریکا لە زنجیرەیەک بۆردوومانی ئاسمانیدا پێگەکانی حزبوڵڵای عێراق و حەشدی شەعبی کوتا

ئەمەریکا پێنج پێگەی سەر بە ڕێکخراوی حزبوڵڵای عێراقی نزیک لە ئێرانی لە سووریا و عێراق کردە ئامانج و لە ئاکامی بۆردوومانە ئاسمانییەکەی ئەمەریکاش لە پارێزگای ئەنبار لە باشووری عێراق، ژمارەیەک ئەندامی حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی کوژران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



بەغدا.. چالاکییەکانی سەری ساڵ لە گۆڕەپانی تەحریر

ئەمەریکا جەخت لە بەردەوامی هێرشەکانی بۆ سەر گرووپە میلیشیاکان دەکاتەوە

مایک پۆمپیۆ: پەیامەکەمان ئەوەیە ئێمە دەستەوەستان نابین

مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ڕایگەیاند: ئەو هێرشەی کراوەتە سەر دامەزراوەیەکی عێراق دوای هەڕەشە بوو بۆ سەر هێزە ئەمەریکییەکان، ئەمە چەند هەفتەیەکە ئەو هەڕەشانە بەردەوامن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئامادەکارییەکانی شاری سلێمانی بۆ سەری ساڵی نوێی زایینی 2020

موقتەدا سەدر لەبارەی کۆتایی عێراق هۆشداری دەدات

موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، ڕایگەیاندووە، لەگەڵ ئەوە نییە عێراق لە شەڕی ئەمەریکا و ئێران تێوە بگلێندرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هیچ هاوواڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفاڵنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە

وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی: هیچ هاوواڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵام سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە ئەوانیش هاوواڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون و لەمیانی سەردانیان بۆ هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە کە ئەوانیش یەکێکیان خەڵکی شاری مووسڵ و ئەوەی دیکەشیان خەڵکی قەزای شەرگات و یەکێکی دیکەشیان خەڵکی سووریا بووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند ئاسۆ عومەر سواری پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوێنێ دووشەمە 2019/12/30 بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند و ئەکتەری ناسراوی کوردستان ئاسۆ عومەر سواری، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری هونەرمەندی کۆچکردوو کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

پرسەنامەیەک لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانییەوە

بەداخەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی هونەرمەند و ئەکتەری دیار ئاسۆ عومەر سوارەم پێگەیشت.

بە گەرمی پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزیان، لە کەسوکار و هاوڕێ و دۆستانی، لە هونەرمەندان و هونەردۆستانی سلێمانی و کوردستان دەکەم، هاوسۆز و هاوخەمیانم. خوای گەورە سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێ و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/30

بەحرێن پشتیوانی لە هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر حزبوڵای عێراق دەکات

بەحرێن پشتیوانی لەو هێرشانەی ئەمەریکا کرد کە بۆ سەر ژمارەیەک لە بارەگاکانی چەکدارانی حزبوڵای عێراق کە هێزێکی میلیشیای شیعەیە و بە نزیکی لە ئێران ناسراوە، ئەنجامیدا. وەزارەتی دەرەوەی بەحرێن لە راگەیەندراوێکدا پشتیوانی بەحرێنی بۆ ئەو هێرشە ئاسمانییانە راگەیاند کە کرانە سەر چەکدارانی حزبوڵای عێراق لە عێراق و سووریا. لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هێرشە ئاسمانییەکە وەڵامێکە بۆ چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە.

فەرماندەی پێشمەرگە لە کەرکووک - پردێ هۆشداری لەبارەی جموجۆڵەکانی داعش دەدات

چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکووک تا دەگاتە مووسڵ و دیالە بەئاشکرا جموجۆڵیان هەیە

فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک-پردێ رایدەگەیەنێت، ڕێژەی چەکدارانی داعش ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچە کوردستانییەکان زیاد دەبن و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت و ڕێگری نەکرێت، دەبنە مەترسیی جددی، بەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوونداں.

نووری حەمە عەلی، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک-پردێ، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی راگەیاندووە: ئەو کارەی ئەمەریکا و هێزەکانی عێراق دەیانەوێت بیکەن، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆن لە ناوچە کوردستانییەکان بەڕێوە ببەن، سوودی نابێت، بەو جۆرە بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆن کاریگەریی نابێت و داعش بەردەوام دەبێت، داعش لەبەر چاوی هێزەکانی عێراق و پۆلیس و حەشدی شەعبین.

نووری حەمە عەلی گوتیشی: نەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە و بەشێک لە بەرپرسانی عێراق وایکردووە کە داعش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بێت و زیاتر مەترسی بنێتەوە، لە هەندێک شوێن وای لێ هاتووە ژمارەیان گەلێک زۆرە، لە سنووری کەرکووک تا دەگاتە مووسڵ و دیالە بەئاشکرا جموجوڵیان هەیە. هەمە عەلی باسی لەوەش کردووە: ئەگەر چارەسەری جددی و بەپەلەی بۆ نەکرێت، ژمارەیان بە جۆرێک زیاد دەبێت و شۆڕ دەبنەوە بۆ ناو خەڵک و پەلاماری گەورە دەدەن و هێرش دەکەن، رەنگە وەکو پێشوو ناوچەکە داگیر بکەن، چونکە ئەمانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مەترسیدارن نەک لەسەر ئاستی عێراق.



مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی هاوبەشدا لەگەڵ مارک ئێسپەر، وەزیری بەرگری و سوپاسالاری وڵاتەکەی رایگەیاند: ئەو هێرشەی کراوەتە سەر دامەزراوەیەکی عێراق دوا هەڕەشە بوو بۆ سەر هێزە ئەمەریکییەکان، ئەمە چەند هەفتەیەکە ئەو هەڕەشانە بەردەوامن، ئەو زنجیرە هێرشانە یەکەمجار نین دەکرێنە سەر ئەو ڕێکخراوە بە تایبەت و گرووپی دیکە کە مەترسی لەسەر ئەمەریکییەکان دروست دەکەن.

بەگوێرەی ڕووداو، مایک پۆمپەیۆ گوتیشی: ئەوەی ئێمە کردمان وەڵامێکی گرووپێکی شیعەی سەر بە ئێرانە، ئامانجەکان بەوشێوەیە بوون، سیانیان لە ڕۆژئاوای عێراق، دووی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەو پێگانە یان بارەگای فەرماندەیی یان کۆگای چەکی کەتایبی حیزبوڵا بوون، بۆردوومانەکان بەسەرکەوتوویی ئامانجەکەیان پێکا، فڕۆکەوان و فڕۆکەکانیش بە سەلامەتی گەیشتنەوە بنکەی ئاسمانی.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ئاماژەی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا کرد لەوبارەوە و گوتی: لە گفتوگۆمان لەگەڵ سەرۆک، تاوتوێی بژارەی دیکەی بەردەستمان کرد لەوبارەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم هەنگاو و کرداری دیکەش دەگرینەبەر بەگوێرەی پێویست بۆ دڵنیابوون لە بەرگری لە خۆکردن و بەڕەچدانەوەی کرداری خراپی ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بە ئێران.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ گوتیشی: لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هاوشێوەدا وەڵامی هاوشێوەمن دەبێت، ئەوەیشی ئاشکراکرد کە ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا هەنگاوی زیاتر دەنێت.

کۆبوونەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا دەستپێدەکاتەوە

ئیبراهیم برۆ: کورد داواکارە وەک پێکهاتەیەک مافەکانی لە دەستووری نوێی سووریادا بچەسپێندرێت



ئەندامێکی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا گوتی، دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا کۆبوونەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا شکستی هێنا. بڕیارە هاوپەیمانان قەناعەت بە ڕژێمی سووریا بکەن و لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو کۆبوونەوە دەستپێبکەنەوە و دەست بە نووسینەوەی دەستور بکرێت.

ئیبراهیم برۆ لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی راگەیاندووە کە لە گەڕی دووەمی کۆنگرەی جێنێف ڕژێمی سووریا ئامادە نەبوو لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا دەست بە نووسینەوەی دەستور بکرێت و لە لێدوانێکیشدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر ڕژێمی سووریا کێشەیەکی دیکە نەنێتەوە.

برۆ زیاتر گوتوویەتی: لە دوو کۆبوونەوەی ڕابردوودا ئامادەکاریی تەواو کرابوو بۆ نووسینەوەی دەستور و هەر 150 ئەندام کە بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دیاری کرابوون لە کۆبوونەوەی یەکەمدا ئامادە بوون، بەڵام لە کۆبوونەوەی دووەمدا شکستیان بە کارەکە هێنا، چونکە بیانوویان دۆزییەوە و باسیان لەوە دەکرد، نابێت تەنیا دەستوور بنووسرێتەوە و پێویستە باسی هەموو پرسەکان بکرێت، کە ئەمەش نەدەکرا، بۆیە کۆبوونەوەکە شکستی هێنا. برۆ گوتیشی: کوردیش لەو لیژنەیەدا بەشداڕە و داواکاریی خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی وەکو پێکهاتەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و مافی کورد لە دەستووری نوێی سووریادا بچەسپێندرێت.

نێودەوڵەتی هەوڵدەدات ڕژێمی سووریا ڕازی بکات لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو لیژنەکە کۆبێتەوە و دەست بە نووسینەوەی دەستوور بکرێت، ئەگەر ڕژێمی سووریا کێشەیەکی دیکە نەنێتەوە. برۆ زیاتر گوتوویەتی: لە دوو کۆبوونەوەی ڕابردوودا ئامادەکاریی تەواو کرابوو بۆ نووسینەوەی دەستوور و هەر دەستوور بکرێت و کۆبوونەوەکە شکستی هێنا، ئەوان داوایان دەکرد باسی چەند پرسێکی دیکەش بکرێت، لەکاتێکدا ئەو کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا. ئەو ئەندامەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا گوتیشیەتی: کۆمەڵگای

هاوپەیمانی سائیروون وەڵامی حەیدەر عەبادی دەداتەوە

سائیروون: عەبادی لە گرێکوێرەی لەدەستدانی پۆستی سەرۆکوەزیران دەژی



هاوپەیمانیی سائیروون کە موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر پشتگیریی دەکات، لە وەڵامی حەیدەر عەبادی ڕایدەگەیێنێت، چاوەڕێ بوون سەرۆکوەزیرانی پێشوو قسە لەبارەی ئەوانە بکات کە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا عێراقیان دۆشیوە.

بەگوێرەی تۆڕی میدیایی ڕووداو، سائیروون لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: گوێبیستی لێدوانە نابەرپرسیارانەکانی حەیدەر عەبادی بووین لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت و تۆمەتبارکردنی هاوپەیمانیی سائیروون کە چەند لایەنێکی باسکرد وەکو هەوڵێک بۆ شێواندنی ڕایگشتی و ساختەکردنی ڕاستییەکان. هاوپەیمانیی سائیروون دەشڵێت: لە ڕووخساریەوە دەرکەوت عەبادی لە گرێکوێرەی لەدەستدانی پۆستی سەرۆکوەزیران دەژی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر لێدوانەکانی کردووە، باشتر وابوو هاوسەنگتر بوایە، بەتایبەتی ئەو خاوەن ئەزموونە لە حوکمڕانی و هەموو جومگەکانی ئیدارەی وڵات دەزانێت. هاوپەیمانی سائیروون باسی لەوەش کردووە، چاوەڕێ بووین عەبادی باسی 15 ساڵی ڕابردووی تەمەنی وڵات بکات کە کێ وڵاتی دۆشیوە و هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری بووە. بەیاننامەکەی سائیروون گوتارەکەی عەبادی بە گوتاری پیرە سیاسییەکان ناودەبات و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە، گوێش بە لێدوانی موفلیسانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نادەین.

www.xebat.net
ژمارە (5902) 2019/12/31 ساڵی شەشەم

پێنتاگۆن: بۆردوومانەکە لە تۆڵەی هێرشەکەی سەر سەربازگەی کەی وەنی کەرکووکە

ئەمەریکا لە زنجیرەیەک بۆردوومانی ئاسمانیدا پێگەکانی حزبوڵڵای عێراق و حەشدی شەعبی کوتا

حەشدی شەعبی: برینی ژمارەیەک لە بریندارەکان سەختە و ژمارەی کوژراوانیش بەرز دەبێتەوە





ئەمەریکا پێنج پێگەی سەر بە ڕێکخراوی حزبوڵڵای عێراقی نزیک لە ئێرانی لە سووریا و عێراق کردە ئامانج و لە ئاکامی بۆردوومانە ئاسمانییەکەی ئەمەریکاش لە پارێزگای ئەنبار لە باشووری عێراق، ژمارەیەک ئەندامی حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی کوژران. جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا، جۆناسان هۆفمان لەبارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەی ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی نووسراوی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەڵامی ئەو هێرشەی حزبوڵڵای سەر بە ئێرانیان داوەتەوە کە کردوویانەتە سەر بنکەکانی سەر بە هێزی ئەرکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنی پێداگری سرووشت (CJTF-OIR). لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە هێزەکانی ئەمەریکا هێرشێکی بەرگریی هەستیاریان لە بەرانبەر پێنج پێگەی سەر بە ڕێکخراوی کەتایبی حزبوڵڵا لە سووریا عێراق ئەنجامداوە. لەنێو ئەم پێگانەی کەتایبی حزبوڵڵادا، کۆگای چەک و تەقەمەنی و ئو ناوەندە بوونیان هەبووە کە تێدا پیلانی هێرشکردن دانراوە بۆ سەر هێزەکانی ئەرکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنی پێداگری سرووشت (CJTF-OIR).

هاوکات بەپێی ئاژانسی ئەسۆشێتدپرێسی ئەمەریکی، وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پێنتاگۆن) ڕایگەیاندووە کە ئەوان هێرشی ئاسمانییان کردووەتە سەر میلیشیاکانی حزبوڵڵا لە عێراق و سووریا و ئەوەیشی وەک وەڵامێک لەقەڵەمداوە لە بەرانبەر ئەو هێرشەی کە کرایە سەر بنکەی سەربازی K1 نزیک شاری کەرکووک و بەهۆیەوە کارمەندێکی خانەنشینی ئەمەریکی کوژرا. لەلای خۆیەوە ئەفسەرێک لە سوپای عێراق ڕایگەیاندووە، بۆردوومانێکی ئاسمانیی دوو بارەگای حزبوڵڵای لە ناوچەی مەشارع باشووری شاری قائیم لەژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەو ناوچەیە جێگیر بوونە. ئەم بۆردوومانەی ئەمەریکاش دوای ئەوە دێت کە حزبوڵڵای عێراقی زیاتر لە 30 مووشەکی ئاراستەی بنکەی سەربازی K1 لە نزیک شاری کەرکووک کردبوو کە بەهۆیەوە کارمەندێکی ئەمەریکا کوژرا و چوار سەربازی ئەمەریکی و دوو سەربازی عێراقیشی بریندار بوون.

عێراق لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی مەشارع باشووری شاری قائیم لەژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەو ناوچەیە جێگیر بوونە. ئەم بۆردوومانەی ئەمەریکاش دوای ئەوە دێت کە حزبوڵڵای عێراقی زیاتر لە 30 مووشەکی ئاراستەی بنکەی سەربازی K1 لە نزیک شاری کەرکووک کردبوو کە بەهۆیەوە کارمەندێکی ئەمەریکا کوژرا و چوار سەربازی ئەمەریکی و دوو سەربازی عێراقیشی بریندار بوون.

سەبارەت بە ژمارەی کوژراوانی ئەو هێرشە ئاسمانییەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە کرایە سەر ژمارەیەک بارەگای حزبوڵا و حەشدی شەعبی لە پارێزگای ئەنباری خۆرئاوای عێراق، سەرۆکی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی حەشدی شەعبی، جەواد ڕەبیعاوی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لەو هێرشە ئاسمانییەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە کراوەتە سەر بنکە سەربازییەکانیان لە ئەنبار، 30 کەس کوژراون و 51ی دیکەش بریندار بوون. جەواد ڕەبیعاوی باسی لەوە کرد کە بریندارانی ژمارەیەک لە بریندارانی سەختە و ڕەنگە ژمارەی کوژراوان بەرزبێتەوە. وەزارەتی بەرگریی عێراقیش لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کرد کە لەلایەن ئەمەریکاوە سێ هێرشی ئاسمانیی کراوەتە سەر دوو بنکەی چەکدارانی حزبوڵڵای عێراق لە ناوچەکانی حارث و سەلوم لە پارێزگای ئەنبار. هاوکات وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاش، بڵاویکردەوە کە پێنج ئامانجی چەکدارانی حزبوڵڵای عێراقیان بۆردوومانکردووە لەوانەش سێ لە عێراق و دوو لە سووریا.



موقتەدا سەدر لەبارەی کۆتایی عێراق هۆشداری دەدات

موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، ڕایگەیاندووە، لەگەڵ ئەوە نییە عێراق لە شەڕی ئەمەریکا و ئێران تێوە بگلێندرێت. موقتەدا سەدر داوای کردووە گەورەکانی عێراق هەڵوێست وەربگرن و وڵاتەکەیان لە شەڕی ئێران و ئەمەریکا بپارێزن، کە تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسوتێنێت و ئەو وڵاتە دەکاتە خەڵوز. ڕێبەری ڕەوتی سەدر هۆشداریی داوە، بەوەی ئەگەر هەموو عێراقییەکان یەکهەڵوێست نەبن، ئەوا شەڕی ئەمەریکا و ئێران کۆتایی بە عێراق دەهێنێت .

ئەو لێدوانەی موقتەدا سەدر دوای ئەوە دێت، کە شەوی یەکشەمە 2019/12/29 ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیی ئەمەریکی پێنج بارەگای میلیشیای حزبوڵڵایان بۆردومان کرد، کە وەزیری بەرگریی ئەمەریکا پێی وایە بارەگای سەرکردایەتی و کۆگای چەک و تەقەمەنیی ئەو میلیشیایە بوون. شەوی هەینی 2019/12/27 ژمارەیەک گوللەهاون ئاراستەی سەربازگەی کەی وەن کران، کە سوپای ئەمەریکا و هێزێکی دژەتیرۆری عێراقی تێدا جێگیر کراوە و کەسێکی ئەمەریکی تێدا کوژرا.



فەرماندەیی حەشدی شەعبی ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی هێرشەکەی ئەمەریکا دەخاتەڕوو

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

بەپێی بەیاننامەیەکی فەرماندەیی حەشدی شەعبی لە عێراق ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی هێرشەکەی شەوی پێشووتری ئەمەریکا بۆ سەر 5 بنکەی میلیشیاکانی حزبوڵای عێراق و حەشدی شەعبی کە ئەمەریکا بە گرووپێکی سەر بە ئێرانی دەناسێت بۆ 76 کەس بەرز بووەتەوە و کاردانەوەی ئەم هێرشەی ئەمەریکا لەنێوان ئیدانە و هەڕەشەی وەڵامدانەوە و بێ دەنگی لایەنە عێراقییەکانە.

بەپێی بەیاننامەکە کە دوێنێ دووشەمە دەرچووە لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمەریکا بۆ سەر 5 بارەگای حزبوڵای عێراق کە یەکێکن لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی و حکوومەتی ئەمەریکا لەناو لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران داینـاوە 30 چەکداری ئەم گرووپە کوژراون و 51ی دیکەش بریندار بوون و ژمارەی کوژراوەکانیش لەبەرزبوونەوەدان، چونکە بەشێک لە بریندارەکان بریندەکەیان سەختە. کەنالّی (الحدث)ی سعوودیەش ئاماژەی بۆ کوژرانی سێ فەرماندەی سەربازی ئێران لەم بۆردوومانەی ئەمەریکا بۆ سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی، هەروەها ئەبو مەهدی موهەندیس و قەیس خزعەلی کە دوو بەرپرسی حەشدی شەعبین هەڕەشەی وەڵامدانەوەی توند و دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، لە بەرانبەریشدا ئەمەریکا لە ڕێگەی بەرپرسە بااڵکانییەوە دەڵێت ئەم جۆرە هێرشانە بەردەوامیان دەبێت و هەموو ئەو پێگانە دەکەینە ئامانج کە هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.

نزیکەی 20 هەزار سڤیلی دیکە لە ئیدلبەوە ئاوارە بوون

ژمارەی ئاوارە و لێقەوماوانی ئیدلب لە تشرینی دووەمەوە تا ئێستا گەیشتووەتە 284 هەزار کەس



وێڕای کەمبوونەوەی هێرشەکانی ڕووسیا، ڕژێمی بەشار ئەسەد و گرووپەکانی سەر بە ئێران لە ماوەی چەند کاتژمێری ڕابردوودا نزیکەی 20 هەزار سڤیل ئاوارە و دەربەدەربوون. بەمجۆرە ژمارەی دەربەدەربووان لە سەرەتای تشرینی دووەمەوە تاکو ئێستا گەیشتۆتە 284 هەزار کەس.

بەڕێوەبەری ڕێکخەرایەتی کاروباری سووریا، محەممەد حەللاج کە زانیاری کۆدەکاتەوە لەبارەی ئەو سڤیلانەی لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان ئاوارە و دەربەدەربوون، دوێنێ دووشەمە ڕایگەیاند: وێڕای کەمبوونەوەی هێرشەکانی ڕووسیا، ڕژێمی بەشار ئەسەد و گرووپەکانی سەر بە ئێران لە ماوەی چەند کاتژمێری ڕابردوودا نزیکەی 20 هەزار سڤیل ئاوارە و دەربەدەربوون بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە نزیک سنووری تورکیا. تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەمجۆرە هێرشەکان کۆچکردن لە ناوچەی جەبەل ئەل زەوییەی باشووری ئیدلب دەستپێبکات و بەمجۆرە 250 هەزار سڤیلی دیکەیش ئاوارە و دەربەدەر بێن.

بەهۆی پڕبوونی کەمپەکانی ئیدلب، نەبوونی شوێن بۆ هەڵدانی خیوەت و کەمیی هاوکارییەکان هەزاران سڤیل بە زەحمەت جێگەی مانەوەیان دەست دەکەوێت. سەدان خانەوادە کە بەهۆی هێرشەکانەوە ئاوارە و دەربەدەربوون، لە چاوەڕوانی ئەوەدان یارمەتی بدرێن. ئەو هاوڵاتییە سڤیلانە بەهۆی ئەو هێرشانەوە بە زۆری بۆ ژمارەی ئەوانەی بە تایبەت بەهۆی هێرشەکانی ڕژێم و ڕووسیاوە لە سەرەتای تشرینی دووەمەوە تاکو ئێستا ئاوارە و دەربەدەربوون گەیشتۆتە 284 هەزار کەس. مەترسی ئەوەش هەیە لە ئەگەری چڕبوونەوەی کەمپەکانی نزیک سنووری تورکیا و ئەو ناوچانەی سووریا ئاوارە .

لە دوای واژووکردنی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە 17ی ئەیلوولی ساڵی 2018ەوە تا ئێستا لە ناوچەی گرژییەکانی ئیدلب لە ئاکامی هێرشەکانی ڕژێم و ڕووسیا زیاتر لە هەزار و 300 کەسی سڤیل کوژراون. ژمارەی ئەو کەسانەی کە کۆچیان کردووە بۆ ناوچە تاڕادەیەک ئارامەکان، بەتایبەت بۆ ناوچەکانی نزیک لە سنووری تورکیا، لە 2019 یەک ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە.

ڤلادیمێر پوتین سوپاسی دۆناڵد ترەمپ دەکات

سەرۆکی ڕوسیا ڤلادیمێر پوتین، سوپاسی سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپی کرد لە بەرانبەر هاوکارییە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا بۆ دەستگیرکردنی ئەو دوو تیرۆریستە کە خۆیان بۆ کردەوەی تیرۆریستی لە ڕووسیا ئامادەکردبوو.

بەگوێرەی ئەو هەواڵێک کە لە کۆشکی کرێملینەوە بڵاوکراوەتەوە، پوتین پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ترەمپ ئەنجامداوە. لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە: ڤلادیمێر پوتین لەسەر ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی کە لە ڕێگەی هەواڵگرییە تایبەتەوە و بووەتە هۆی ڕێگرتن لە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ڕووسیا سوپاسی سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپی کردووە. هەروەها هەردوو سەرۆک بەردەوامی خۆیان دووپاتکردەوە لەسەر هەماهەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. هاوکات دەزگای ئاسایشی فیدراڵی ڕووسی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیەنێت: دوو هاوڵاتیی ڕووسی دەستگیرکراون کە پلانیان بۆ کردەوەی تیرۆریستی داڕشتبوو لە شەوی سەری ساڵ لە قەرەباڵغترین شوێنی شاری سان پیترسبۆرگ.










2019 بۆ هەرێمی کوردستان ساڵی بووژانەوەی ئابووری و دەستکەوتی سیاسی

د.خەلیل ئەتروشی: 2019 ساڵێکی پڕ دەستکەوتی سیاسی بوو بۆ هەرێمی کوردستان

ساڵی 2019 ساڵێکی ئاسایی نەبوو بۆ کوردستان، ساڵێکی پراوپر لە رووداوی سیاسی و دەستکەوت بوو کە کوردستان توانی لە هەموو رووێکەوە ببووژێتەوە و گەشە بکات، شارەزایانیش دەڵێن، ساڵی 2019 بۆ هەرێمی کوردستان ساڵێکی پڕ دەستکەوت بوو. ئەمانە بەشێکن لەو دەستکەوت و بووژانەوانەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019دا.

پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لێکتێگەیشتنی تێدا رووپدا

دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کارا کرایەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست

لە 2019/3/8دا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەوکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری پاشکەوتی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی دا و دواتر موچە وەک خۆی دابەش کرا. لە 2019/10/17دا، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، 500 ملیار دیناری بۆ بنیاتنان و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ڕێگاوبان و سایلۆ و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ تەرخانکرد. لە 100ڕۆژی یەکەمی کابینەی نوێمیشدا، سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند، حکوومەت توانیویەتی داهاتی نێوخۆی زیاد بکات. لەو بارەیەشەوە، ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ، کاوە عەبدولعەزیز، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: گرنگترین و باشترین هەنگاوی ساڵی 2019و کابینەی نوێی حکوومەت، بڕیاری پشتبەستنی ئابووریی وڵات بوو بە هەموو سەرچاوە ئابووریەکان، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی هەرێم. ناوبراو گوتیشی: سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ تورکیا بۆ ئەوە بوو پەیوەندییە ئابووریەکان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەهێزتر بکات. سیاسەتمەداری دیاری عێراقی، میسال ئالووسی، شایەتیی ئەوە دەدات، کە سیاسەتی ژیرانەی سەکردایەتیی کورد توانیویەتی پەرە بە ئابووریەکەی بدات، وەک ئێستا کە ڕێگاوبان و وەبەرهێنانێکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

لە 2019/6/10 نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد و دوای دوو ڕۆژ و لە 12ی 6 مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت ناوزەد کرا و بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا. دواتر سەرۆکی حکوومەت سەردانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد بە مەبەستی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لە 2019/7/10 پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا و لە دەنگدانێکی ئاشکرادا کابینەکە متمانەی پەرلەمانی وەرگرت و سەرۆکی حکوومەتیش سوێندی یاسایی خوارد و دواتر هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی بۆ چوار ساڵ خستەڕوو. لە ساڵی 2019دا، هەرێمی کوردستان پەیوەندییە سیاسییەکانی قوواڵترکردنەوە لەگەڵ وڵاتانی جیهان و هاتنی سەرکردە جیهانییەکانیش بۆ هەولێر، بەڵگەی ئەوە بوون کە هەولێر ناوەندێکی دیپلۆماسی و سیاسیی گرنگە.

لەو بارەیەوە، د. خەلیل ئەتروشی، مامۆستای زانکۆ، گوتی: ساڵی2019 ساڵێکی پڕ دەستکەوتی سیاسی بوو بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە کوردستان توانی بە ڕێگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و دیپلۆماسییەتی حەکیمانە، زاڵ بیت بەسەر قەیرانەکاندا و تەنگژە ئابووریەکان لەسەر کوردستان هەڵبگیرێن. ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە، ئێستا کوردستان پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەهێزتر کردووە و توانیویەتی بیێتە نموونەیەکی جوانی سیاسی و دیپلۆماسی لە ناوچەکەدا.

ڕۆژی دووشەمە 2019/7/15 ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمیی ساز کرد و لە یەکەم کۆبوونەوەشدا چەندین بڕیاری دەرکردن. **یەکەم:** سەرجەم وەزیرەکان و خاوەن پۆستە باڵاکان دەبێت پابەند بن بە دەوامی فەرمیی وەزارەتەکانیان لە دەستپێکی دەوامی ڕۆژانی یەکشەمەوە تا کۆتایی دەوامی فەرمی لە ڕۆژانی پێنجشەمە. **دووەم:** سەرجەم فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم دەبێت پابەند بن بە کاتی دیاریکراوی دەوامی فەرمی و هیچ کەسێک بۆی نییە لە کاتی دەوامی فەرمیدا شوێنی کارکردنی خۆی بەجێ بهێڵێت یان کارێکی دیکەی دەرەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. **سێیەم:** فەرمانبەران دەبێت پابەند بن بە پاراستنی نهێنیی کاروباری فەرمانبەرییەتی و نابێت ئەو زانیارییانەی کە بە نهێنی پۆلێن دەکرێن، لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئاشکرا بکرێن. **چوارەم:** دەبێت ڕووتین لە دامودەزگانی حکوومەتدا نەمێنێت و سەرجەم مامەڵەی هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و ورد، لەلایەن فەرمانبەرانەوە جێبەجێ بکرێت. هەروەها وەڵامدانەوەی سکاڵا و پرسیاری هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و گونجاو، ئەرکی دامودەزگاکانی حکوومەتە و دەبێت وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بۆ مامەڵەی هاوواڵتیان هەبێت و هۆکاری هەر دواکەوتنێک یا ڕەزامەندینەدانێک ڕوون و ئاشکرا بێت و پێویستە ڕێز لە هاوواڵتیان بگیرێت لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا. پێنجەم: دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن، لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەستی پێ دەکرێت، بۆیە بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە دەبێتە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی هەرێم و ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لێ ناکرێت و سەرپێچیکاران بە توندی سزا دەدرێن.

هاوکات سەرۆکی حکوومەت، مەسرور بارزانی، لە دیدارێکدا ڕایگەیاند، دەبێت فەرمانبەر مەمنوون بێت کە هاوواڵتی لێی ڕازی بێت. ئێستاش پرۆژەی چاکسازی قۆناغی باشی بڕیوە و تێپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی ئەوەی پارەیەکی زۆر بگەڕێتەوە گەنجینەی هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی 2019دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک ڕابردوو بە هەگبەیەکی دەوڵەمەند و پڕ دەسکەوت، کۆتایی بەو ساڵە هێنا، هەرچەندە ناوچەکە بە گشتی بە دەست ئاڵۆزیی سیاسی و کێشەی زۆرەوە دەناڵێنێت و نائارامی لە لوتکەدایە. فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لیوا بەهجەت سێلکی، گوتی: شەونخونی و ماندووبوونی پێشمەرگە، وای کردووە کە ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بەرقەرار بێت و هەرێمیش وەک تاکە پەناگە بێت و بەردەوام خەڵکی لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە ڕووی تێ بکەن و مومارەسەی ئازادیی خۆیان بکەن، ئەمەش هەمووی لە سایەی هێزی پێشمەرگەوەیە.

کاوە عەبدولعەزیز، لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەڵێت، حکوومەتی هەرێم لە کابینەی نوێدا هەنگاوێکی باشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەستپێکرد، چونکە یەکێک لە پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پرسی بودجە بوو، بۆیەش پێویستە حکوومەتی هەرێم کێشەی مووچە و بودجە بنبڕ بکات و ڕێککەوتنێکی درێژخایەن و کۆنکرێتی لەگەڵ بەغدا واژۆ بکات. لە 17ی 7دا، سەرۆکی حکوومەت سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق لەبارەی چەندین پرسی نێوان عێراق و کوردستان کۆبوویەوە و دواتر لەسەر چەند لیژنەیەکی تەکنیکی ڕێککەوتن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. ئەتروشی، لە بارەی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر جەختی کردەوە، کە 2019 باشترین ساڵ بوو بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان و دەشڵێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەستوور لەو ساڵەدا جێبەجێ کرا و باشترین ساڵ بوو بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان.

لە 26ی11دا شاندێکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، سەردانی سلێمانییان کرد و لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە و جەختیان لە یەکڕیزی و کاری پێکەوەیی کردەوە. ئەتروشی، لە بارەی یەکڕیزیی کوردەوە دەڵێت، سەرۆکایەتیی هەرێم لە 2019دا کارا کرا، کە یەکێک بوو لە هەنگاوە گرنگەکان، ئەمەش بووەتە هۆکارێک کە سەرۆکایەتی هەرێم ببێتە چەتری کۆکەردەوەی هەموو لایەنە کوردستانییەکان و لەو ڕووەشەوە سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی، هەنگاوی گەورەی هاویشتووە بۆ یەکڕیزیی کورد.

سەرۆک بارزانی، هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە ئاشتی و دانوستان چارەسەری سیاسین و دەبێت گەلانی دونیا بە ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، پەیامیشی بۆ پارچەکانی تری کوردستان ئەوە بووە، خەباتی سیاسی و ئاشتیانە بکەن و شەڕ و کوشتن لە قازانجی هیچ لایەنێکدا نییە. لە ڕۆژی 8ی 9ی2019دا، شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت کۆبوونەوە و سەرۆکی حکوومەت مەسرور بارزانی لەوبارەیەوە ڕایگەیاند، جەختیان لەوە کردەوە کە شەڕ و وێرانکاری لە قازانجی هیچ لایەکدا نییە و پشتگیریش لە هەر هەنگاوێک دەکەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا و گوتیشی: "ئامانجمان بەوەش دا کە پرۆسەی دیموکراسی و گفتوگۆی ئاشتیانە، باشترین ڕێگەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان . بەهۆی ئەو ڕووداوانەی لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویان دا، شەپۆلێکی ئاوارەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، سەرۆکی حکوومەت مەسروور بارزانی، سەردانی ئەو ئاوارانەی کرد و هەموو پشتیوانییەکی خۆیانی بۆیان دەربڕی.

لە ڕۆژی لێبوردەیی جیهانیدا، لە 16ی 11دا، سەرۆکی حکوومەت نوێنەری سەرجەم پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستانی کۆکردنەوە جەختی کردەوە، کە کوردستان مالی هەموویانە و دەبێت هەموومان کار لەسەر گەشەپێدانی هزری میانڕۆیی و پێکەوەژیان بکەین. جگە لەوەی هەموو پێکهاتە ئایینییەکان نوێنەریان لە وەزارەتی ئەوقافدا هەیە، کابینەی نوێی حکوومەت وەزیرێکیشی بۆ کاروباری پێکهاتەکان داناوە.

لە دەستپێکی ساڵی خوێندن و لە 4ی9ی2019دا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا کە گرنگی بە بواری خوێندن و پەروەردە و خوێندنی باڵا و پێشخستنیان بدرێت، کە ئەمەش لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. سەرۆکی حکوومەت گوتیشی: پێویستە کار لە سەر ئەوە بکرێت کە ئاستی قوتابخانە و زانکۆکانی کەرتی گشتی بەرز بکرێتەوە بە شێوەیەک، کە جیاوازیی ئاستی نێوان قوتابخانە و زانکۆ حکوومی و تایبەتەکان کەم بکرێتەوە. هاوکات لە ڕۆژی یەکەمی خوێندن لە 21ی9ی2019دا، سەرۆکی حکوومەت لە پارێزگای دهۆک پشکداری لە ڕێوڕەسمی یەکەم ڕۆژی خوێندن کرد و ڕایگەیاند: یەکێک لە کارە پێشینییەکانمان لە کابینەی نوێمدا، گرنگیدانە بە پەروەردە. دوای ئەوەش لە ڕۆژی 6ی11ی2019دا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بە دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست.

وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

هیچ هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە



وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی: هیچ هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵام سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە ئەوانیش هاووڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون و لەمیانی سەردانیان بۆ هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و گوتی: هیچ هاووڵاتییەکی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵام سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووەکە ئەوانیش هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و هەڵگری ڤایرۆسەکەش بوون، لەمیانی سەردانیان بۆ هەرێمی کوردستان ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆبوونەوەیەکیان لەبارەی پەیدابوونی ئەنفلۆنزای وەرزی ئەنجامدا و دواتر ڕایگەیاند کە 20 حاڵەتی تووشبوون بە ئەنفلۆنزای وەرزی تۆمارکراوە و سێ هاووڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزی گیانیان لەدەستداوە.

سامان بەرزنجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرایکرد کە 20 حاڵەتی ئەنفلۆنزای وەرزی (H1N1) لە کوردستان تۆمارکراون و سێ هاووڵاتیش کە خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزاوە گیانیان لەدەستداوە.

وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەنفلەوەنزای بەراز چەند ساڵێکە نەماوە، ئەوەی ئێستا هەیە ئەنفلۆنزای وەرزییە کە پێی دەڵێین H1N1 و دوای دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ئەو ئەنفلۆنزایەش، بەدواداچوونمان کردووە و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی گشتی لە پارێزگاکان، پێداگیری ئەوەکراوە کە پێویستە و دەبێت هەڵمەتی خۆپارێزی بەرفراوان دەست پێ بکرێت، چونکە ڤایرۆسێکە لە هەواوە لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە ئەوەیش ئەنفلۆنزایە و وەرزی و بەراز نییە و مرۆڤی تووشبوو دووچاری هەوکردنی بەشی سەرەوەی جەستەی واتا سیبەکانی دەبێت و کێشەی هەناسەدانیان بۆ دروست دەبێت.

سامان بەرزنجی گوتیشی: سێ جۆر هەنگاومان ناوە بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەوانیش لە ئاستی کارگێڕیدا، ژووری کردەیی تەندروستی پێکهێناوە و بۆ خۆپارێزی و چارەسەریش شوێنی جیاکراوە بۆ ئەو نەخۆشیە هەیە، دوو جۆر ڕێنمایی دابەشکراوە بۆ ناوەندە تەندروستییەکان و هاووڵاتییانیش.

وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی خستەڕوو کە هیچ هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بەم ئەنفلۆنزایە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵام سێ هاووڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەکاتی هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و گوتی: هیچ هاووڵاتییەکی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەنفلۆنزای وەرزییەوە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵام سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووەکە ئەوانیش هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و هەڵگری ڤایرۆسەکەش بوون، لەمیانی سەردانیان بۆ هەرێمی کوردستان گیانییان لەدەستداوە کە ئەوانیش یەکێکیان خەڵکی مووسڵ و ئەوەی دیکەش خەڵکی شەرگات و یەکێکی دیکەش خەڵکی سووریا بووە.

وەزیری تەندروستی باسی لەوەیشکرد کە ئەوانەی کە تووشی ئەم ئەنفلۆنزایە دەبن دەبێت خۆیان دووربگرن لەناو خەڵک و نەچنە شوێنە گشتییەکان و بێتاقەتی و تای بەرز لە نیشانە گرنگەکانی ئەو ڤایرۆسەن و لە ناوەندە تەندروستییەکان پێکەوتەی پێویست دابینکراوە بۆ هەرسێ جۆر ڤایرۆسی وەرزی، هاووڵاتیان و ئافرەتانی دووگیان دەتوانن وەربگرن و ڕاشیگەیاند کە دەرمانی پێویست بۆ سەرجەم نەخۆشخانەکان دابینکراوە.

هەرێمی کوردستان گیانییان لەدەستداوە کە ئەوانیش یەکێکیان خەڵکی مووسڵ و ئەوەی دیکەش خەڵکی شەرگات و یەکێکی دیکەش خەڵکی سووریا بووە.

وەزیری تەندروستی باسی لەوەیشکرد کە ئەوانەی کە تووشی ئەم ئەنفلۆنزایە دەبن دەبێت خۆیان دوورگرن لەناو خەڵک و نەچنە شوێنە گشتییەکان و بێتاقەتی و تای بەرز لە نیشانە گرنگەکانی ئەو ڤایرۆسەن و لە ناوەندە تەندروستییەکان پێکەوتەی پێویست دابینکراوە بۆ هەرسێ جۆر ڤایرۆسی وەرزی، هاووڵاتیان و ئافرەتانی دووگیان دەتوانن وەربگرن و ڕاشیگەیاند کە دەرمانی پێویست بۆ سەرجەم نەخۆشخانەکان دابینکراوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر:

هێزە ئەمنییەکانی هەولێر لە ئامادەباشیدان



بە بۆنەی جەژنی کریسمس و سەری ساڵی تازەوە، هێزە ئەمنییەکانی هەولێر لە حاڵەتی ئامادەباشیدان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش دەڵێ، پلانێکی ئەمنیی تۆکمەیان دارشتووە، وەک وتەبێژی پۆلیسیش گوتی، هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوان هێزە تەناهییەکاندا کراوە.

لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، بە میدیاکانی ڕاگەیاند، لە 24ی ئەم مانگەوە، بە هاوکاریی ئاسایش، پۆلیسی هاتوچۆ، بەرگریی شارستانی و تیکڕای هێزە ئەمنییەکانی دیکە، پلانێکی ئەمنیی تۆکمەیان بۆ بۆنەکانی سەری ساڵ و جەژنی کریسمس دارشتووە.

پلانە ئەمنییەکە، کە هەولێر و دەوروبەری خرانەتە بەرنامەوە، تا 5ی 1ی 2020 درێژە دەکێشێت. ئەمە قسەی لیوا عەبدولخالق بوو. ناوبراو جەختیشی کردەوە: پۆلیس و ئاسایش، هەموو هەوڵێک بۆ پاراستنی سەرومالی هاونیشتمانیان دەدەن و ڕێگا لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراو و نایاسایی دەگرن.

هێزە تەناهییەکانی هەولێر، هەموو پێکەوە لە ئامادەباشیدان و بە وتەی ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوان هێزە ئەمنییەکاندا کراوە. لە سەرجەم شوێنە گشتییەکان و ئەو جێگایانەیش کە ئاهەنگیان تێدا ساز دەدرێت، هێزە تەناهییەکان بە وردی چاودێریی دۆخی ئەمنی دەکەن. ڕائید هۆگر ڕوونیشی دەکاتەوە، هەر کاتێک هاونیشتمانیان حاڵەتێکی نایاسایی و نائاساییان بینی، دەتوانن پەیوەندی بە هێڵە گەرمەکانی پۆلیسەوە بکەن بە ژمارەکانی: 066134، 066137،066135 ، 066124،066104 ، 066144.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

کرێکار دەستەبەرکراو نەبێت مافی لای حکوومەت نییە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

کرێکارێک دوای دوو ساڵ کارکردنی لە کۆمپانیایەک، دوو مانگە بەهۆی کەوتنەخوارەوە لە بینایەکەوە قاچی شکاوە و پەکی کەتووە، وەکو خۆی دەڵێت، خاوەن کۆمپانیاکە هیچ مافێکی نەداوە.

بەڕێوەبەری دیوان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت، ئەگەر کرێکار دەستەبەرکراو نەبێت مافی لای حکومەت نییە.

ڕۆژانە نەخۆشخانەکان جمەیان دێت لەو کرێکارانەی کە تووشی ڕووداوی جۆراوجۆر دێن، گەیلان عەلی، کرێکار ئێستا بێکارە و باس لەوە دەکات کە دوو ساڵە لە کۆمپانیایەک کاردەکات، بەڵام ئێستا کە بەهۆی کارەکەیەوە قاچی شکاوە هاوکاری ناکرێت و دەڵێت لە باڵەخانەیەکی 27 نهۆمی کاردەکەم، پێویستە لەکاتی هەر ڕووداوێک بیمەیەک هەبێت بۆ کرێکارەکە، بەڵام هیچ شتێکمان نییە.

ئەگەر کرێکارێک لەسەر ڕێرەوی یاسای هەموارکراوی ژمارەی 4ی ساڵی2012ی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، خۆی دەستەبەر نەکردبێت، لە ئەگەری هەر ڕووداو یان پەککەوتوویەک ناتوانێت داوای مافی خۆی بکات، چونکە بە کرێکاری قاچاخ ئەژمار دەکرێت.

عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری دیوان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت، ئەگەر کرێکارەکە دەستەبەرکراو بێت لە ئەگەری هەموو ڕووداوێکدا هەموو مافێکی هەیە و قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر دەستەبەرکراو نەبێت ئەوە مافی لای حکوومەت نییە، چونکە بە شێوەی قاچاخ کاری کردووە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە هەرێمی کوردستان 79 هەزار کرێکار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمارکراون کە نۆ هەزاریان بیانین. بڕی پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی 17%ی مووچەی مانگانەی کرێکارە کە 12%ی خاوەنکار دەیدات و 5%یشی دەبێت کرێکار بیدات.

پڕۆژە تەواونەکراوەکانی سنووری هەولێر بە بڕی یەک ترلیۆن دینار تەواو دەکرێن

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر گوتی، دەست بە تەواوکردنی 60 پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبانی نوێ لە سنووری هەولێر کراوە، کە تەواو نەکرابوون.

ئەو پڕۆژانە بڕی یەک ترلیۆن دیناریان تێ دەچێت و بەشێک لەوانە ڕێگای ستراتیژین.

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر، محەمەد مەهدی گوتی: ئەو پڕۆژانەی کە دانرابوون لە سنووری هەولێر نۆژەن بکرێنەوە، هەموویان تەواو کراون و ئێستا ئەولەویەت بۆ ئەو پڕۆژانەیە کە کاتی خۆی بەهۆی قەیرانی دارایییەوە تەواو نەکرابوون و دەست بە تەواوکردنیان دەکرێت، چونکە هەموو پڕۆژەکانی دروستکردنی ڕێگای نوێ و بەجووتسایدکردنی ڕێگاکان تەواو دەکرێن. محەمەد مەهدی گوتیشی: نزیکەی 60 پڕۆژە هەبوون، تەواو نەکرابوون، کە پڕۆژەی گەورە و بچووکن و کۆی پارەی پڕۆژەکان نزیکەی یەک ترلیۆن دینارە و لە ساڵی نوێ هەموان تەواو دەکرێن. مەهدی باسی لەوەش کرد: بەشێک لەو پڕۆژانە، تونێلی پیرمام و ڕێگای هەولێر_کۆیە و ڕێگای چۆمان ـ حاجی ئۆمەران دەگرێتەوە، کە ئەمانە ڕێگای ستراتیژین و بڕیارە تەواو بکرێن. جگە لەوەش، ڕێگاکانی گوندەکان چاک دەکرێن و ئەوانەی یەکسایدن دەکرێنە دووساید.

گوتیشی: بڕیارە لە هەولێر تا دەگاتە حاجی ئۆمەران سەرجەم ڕێگاکان بکرێنە دووساید.

کەرکووک.. بەهۆی تەقینەوەیەک عەمیدێک و دوو لە پاسەوانەکانی برینداربوون



خەبات ـ ئارام شێرکۆ:

بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە لە نێوشاری کەرکووک عەمیدێک و دوو پاسەوانی بریندار بوون. چەند ڕۆژێکە بارودۆخی ئەمنی شارەکە ناسەقامگیر بووە، ڕۆژانە کردەوەی تیرۆریستی و تەقینەوە ئەنجام دەدرێت بەردەوام هێزە سەربازی و ئەمنییەکان دەکرێنە ئامانج. تاکو ئێستاش هیچ کەسێک دەستگیر نەکراوەو ناسنامەی تیرۆریستەکان ئاشکرا نەکراوە. لەسەر ڕێگای بەغداد و نزیک پردی چواری کەرکووک، بۆمبێک، ئۆتۆمبێلی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردە ئامانج و لە ئەنجامدا سێ کەسی بریندار کرد، داعش بەردەوام هێزە چەکدارەکانی کردۆتە ئامانج، ئەوانیش ناتوانن وەک پێویست پاریزگاری لە کەرکووک بکەن و ڕێگری لە هاتنی داعش و کردەوە تیرۆرستییەکانی بکەن. سەرچاوەیەکی تایبەت لە هێزە ئەمنییەکانی شاری کەرکووک کەنەیوست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات رایگەیاند: لەگەڵ ئەوەی ئەم شارە کراوە بە سەربازگەیەکی گەورە، بەدەیان گرووپی چەکداری جۆراوجۆری بۆ هاتووە بێ سەرو بەرەییەکی زۆر لە شارەکە هەیە ئەمەیش وای کردەوە تیرۆرستانی داعش بە ئاسانی دزەبکەنە نێو شارەکە و کردەوە تیرۆرستییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. سەرچاوەکە گوتیشی، هەموو دەزانین مەلەفی ئەمنی لە دەستی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک سەندراوەتەوە، ئەمەیش هۆکارێکی تر بۆ ئەوەی باری ئەمنی کەرکووک ناسەقامگیر بێت، چونکە شارێک هێزی ئەمنی خۆی هەبێت پێویست ناکات هێزی ئەمنی تر پارێزگاری لێ بکات، بەڵکو پێویستە هاوکاریان بکرێت. چونکە ئەوەی خەڵکی شارەکەیە و زیاتر لە هەوڵی پاراستنی ئەمنییەتی ئەو شارە دەبێت نەک هێزی دەرەکی کە بەشێوەیەکی کاتی هاتبێت.

سەرچاوەکە گوتیشی لە تەقینەوەی دوێنێ، عەمیدێک و دوو لە پاسەوانەکانی بریندار بوون کە سەر بە هێزە چەکدارە داگیرکەرەکانی حەشدی شەعبی بوون، دوای تەقینەوەکەش هێزە ئەمنییەکان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە.

---

24 تۆن هێلکەی قەدەغەکراو دەستی بەسەرداگیرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەبازگەی دێگەڵە بارهەڵگرێکی هێلکەی قەدەغەکراو دەستی بەسەرداگیرا. ئەو بڕە هێلکەیەی هیچ ڕێکەوتێکی لەسەر نیە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکان هاوردەکردنی ڕێگەپێنەدراو و قەدەغەکراوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەبازگەی دێگەڵە بارهەڵگرێکی هێلکەی قەدەغەکراو دەستی بەسەرداگیرا. ئەو بڕە هێلکەیەی هیچ ڕێکەوتێکی لەسەر نیە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە و شیاو نیە بۆ خواردن.

بەئامادەبوونی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر (هۆبەی ئابووری) بڕیاردرا ئەو هێلکەیەی کەبڕەکەی (24.550)بیست چوارتۆن و پێنج سەدوپەنجا کیلۆ بوو بگوازرێتەوە بۆ زبڵخانەی کانی قرژاڵە و بەشێوەیەکی زانستی و ژینگەیی لەناو بردرا.

شایەنی باسە لەلایەن قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر لەسەر ئەم کەیسە ڕێکاری یاسایی گیرایەبەر کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر خاوەنەکەی دەکرێت.







ئێزدی 40 ڕۆژێن چلەیێ زڤستانێ ب ڕۆژی دبن



مەهدی حەسەن موراد

ڕۆژێن چلەیێ زڤستانێ هەر سال ل (25/12)کانونا ئێکێ چلەیێ زڤستانێ دەست پێ دکت و ئێزدی ڤی چلەیێ زڤستانێ بەشەکی هەر زۆر ب ڕۆژی دبن، جڤاتا ڕۆحانیا ئێزدیان دگەل چلەگرا و خلمەتکارێن لالش وکەسایەتیێن ئۆلی وهەر کەسەکی بڤێت چلەیێ زڤستانێ ب ڕۆژی بت قەستا لالشا نورانی دکن ژبەر کو هندەک ڕێ و ڕەسمێن تایبەت هەنە ل پەرستگەها لالش بۆ دەستپێکرنا ڤان ڕۆژیان، هەر بۆ زانین کەسێ نەئێتە لالش ژی دروستە زیارەتی بەراتەکا شیخادی ببت و ڕۆژیێ دگرن، ژبەرکو ڕێ دورن کەسەکی ئەو دەلیڤە نەبت نۆرمالە نەئێتە لالش.

هەر بۆ ئاگەهدارکرنێ ژ چلەیێ زڤستانێ؟فەقیرێ زەنگلا ل ئاڤ مللەتی مال ب مال دگەرت و هەر مالەکێ بەراتەکێ دەتێ و ئاگەهدار دکت کو ل دەمێ ڕۆژیێن چلەیێ زڤستانێ ل کیژ ڕۆژێ یە وەک داب و نەریتەک ژی هەر مالەک فتویێ خۆ دەنە فەقیری وخێرەکا مەزن ژ ئێزدیا هەموویا خرڤە دکن و بۆ خزینا مالا شیخادی دبەن،دا لسەر بەلنگاز و نەساخ و کەسێن پێتڤی بێتە دابەشکرن،ل ڕێککەفتی(24ێ مەها (12 بابە شێخ و جۆقەتا خۆ وژمارەکا فەقرا و کوچەکا دگەل ژمارەکا چلەگرا ڕێوڕەسمێن هێڤاریا ڕۆژیێن چلەیی دەستپێکرن ل لالش و زیارەتی دەرچکا شیخادی و خاس و باب چاکێن لالش دبن و لڤێ هێڤارێ قەستا چلەخانا مالا شیخادی دکن و هەتا پاشیڤێ ل چلەخانێ دمینن قەول و بەیت و دوعایا دکن و ب ڕۆژی دبن وسبەیکێ دئێنە مال،چلەیێ زڤستانێ ژ (25)ی هەیڤا کانوونا ئێکێ دەست پێ دکت و هەتا ((2هەیڤا سباتێ ب هژمارا زاینی دیسا ل ڕۆژا(40) دبتە جەژن.

بۆ زانین ئەڤ ڕۆژی خێرن هەر کەسێ بگرن دروستە هندەک کەس ڕۆژا ئێکێ و داوێ ب ڕۆژی دبن و هندەک دەھ ڕۆژێن ئەول و داوێ ب ڕۆژی دبن و خودان خێر بخۆ خێرا دکن هەر چ ڕۆژا ب ڕۆژی بن باشە ،لێ چلەگر فەرە، هەر چلەیێ زڤستانێ و چلەیێ هاڤینێ ب ڕۆژی بن و بۆ ماوەیێ بیست سالا هەر دوو چلەیێ زڤستانێ و هاڤینێ ب ڕۆژی بن ژ نووکا دبێژنێ چلەگر،ئانکو هەر کەسێ ڤان ڕۆژیا بگرت نابتە چلەگر تەنها ئەو کەسێ پێگیری ڕۆژی گرتنێ بت بۆ ماوێ (42)سالا ڕۆژیێن چلەیێ هاڤینێ و زڤستانێ ب ڕۆژێ بن دبێژنێ چلەگر، ڕێورەسمێن ڤێ جەژنێ هەروەکی یێن جەژنا چلەیێ هاڤینێ نە، ل پەرستگەها لالش دئێنە گێران ، و لڤێ جەژنێ هندەک ڕێورەسمێن تایبەت دئێنە گێران.

هەر وەکی ڤان سەبەقا ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان دبێژت:

مەلەک فەخرەدین دەنگ هلتینە
هنجیێ خاترا من تێ ببینە
دلێ چللە گرە نا ئیشینە
* * *
چللە گر ب ڕۆژینە
فەرزێن خۆ ب جی تینە
ئەون جندیێن سلتینە
* * *
بشەڤ ڕۆژ ب ڕۆژینە
ئەوان فتار نینە
ئەو جندیێن سلتان ئێزینە

تاوتوێیەک بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق



هاوار محمد یوسف*

هەفتەی ڕابردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق، یاسای نوێ ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی پەسند کرد، ئەم یاسایە بووە جێگای باس و خواسی زۆرێک لە لایەنە سیاسیەکان و شارەزایانی ئەو بوارە، پێم وایە بە ووردی خوێندنەوەی بۆ نەکراوە بۆیەش هەڵسەنگاندنەکان لە ئاست ئالۆزی و مەبەستەکانی دواوەی ئەم یاسایە نەبوون.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم شرۆڤەیە بۆ ئەم پرسە گرنگە بکەم کە لە داهاتوودا وێنای سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە فۆرمێکی نوێدا دادەڕێژێتەوە، چونکە ئەم یاسایە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ بڕیاری لە کار خستن و بێ دەسەلاتکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق هەیە، ئەمیش چ بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەتی زیاتر لە عێراق و بە تایبەتیش لە مامەڵەکردنی حکومەتی ئێتیحادی لە گەڵ هەرێمی کوردستان. چونکە ئەو ئەلقە پەیوەندییەی کە لە نێوان مەرکەز و یەکە ئیدارییەکانی هەرێم کە بریتی بوون لە کیانی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان بچوک دەبێتەوە بۆ ئاستی قەزا لە لایەکی تریشەوە ئەم یاسایە بەر لەوەی یاسایەک بێت بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەنگاوێکە بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی 140ی دەستوری عێراق بەو شێوە کە ئەوان دەیانەوێت، چونکە لە ناواخنی دا بە نیمچە ڕاپرسیەک دادەنرێت لە و شوێنانەی کە ناوچەی ململانێن لە نێوان کورد و عەرەب بۆ کەمکردنەوەی وجودی کورد لە بەشێکی زۆر لە سنوری ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەویش بە هۆی لکاندنی ژمارەیەکی زۆر لەو قەزایانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان ناگاتە ئاستی بەرکەوتنی یەک کورسی ئەنجومەنی نوێنەران و شێوازی ئەو تێکەڵکردنە کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا لە ئەنجومەنی نوێنەران بکرێتە پاشکۆی ئەم یاسایە و کۆمسیۆن پابەند بکرێت بەوەی کە دەقی یاساکە جێ بەجێ بکات و دەرفەتی گفتوگۆ ڕۆڵ ئیجتیهاد کردن بۆ کۆمسیۆن و کۆمسیاران نەهێلێتەوە.

خاسیەتە گرنگەکانی یاساکە

یەکەم: سیستەمی بەرێوەبردنی ئەم یاسایە بە ناوی دەنگی تاکی نە گوازراوەیە، واتا کاندید لە سەر ئاستی تاک تۆمار دەکرێت ئەو کاندیدە چ نوێنەری لایەنێکی سیاسی دیاریکراو بێت یان پالێوراوێکی سەربەخۆ، لە بەرامبەردا دەنگدەر دەتوانێت تەنها دەنگ بە یەک کاندید بدات بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ لیست بکات، چونکە لە بنەمادا هیچ لیستێک بوونی نیە تەنها کاندیدی تاک، بەمەش ئەگەر حزبێکی سیاسی بیەوێت پشتگیری لە کاندیدێک بکات نابێت ژمارەی کاندیدەکانی لە ژمارەی کورسیە دیاریکراوەکانی ئەو بازنەیە زیاتر بێت کە پالێوراوی بۆ دەست نیشان کردووە چونکە دواجار ئەو کەسە بە سەر کەوتو دادەنرێت کە زۆر ترین دەنگ بە دەست دێنێت.

دووەم: بازنەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی یەک قەزا یان زیاتر دەبێت لە کاتێکدا ئەگەر قەزایەک ڕێژەی دانیشتوانی نەگەیشتە ئاستی مسۆگەر کردنی یەک کورسی، ئەمەش لەکاتێکدا کە نرخی کورسی لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی ئێراقدا یەکسان نیە، بۆ نمونە لە پارێزگای کەرکوک هەر قەزایەک پێویستی بە (136663)هاوڵاتی دەبێت بۆ ئەوەی یەک کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەرکەوێت، کەچی لە پارێزگای زیقار هەر قەزایەک پێویستی بە (113776)هاوڵاتی دەبێت بۆ ئەوەی یەک کورسی بەرکەوێت کە لە هەردوو حاڵەتیشدا لادانە لە دەستوری بەرکاری ئێستای عێراق چونکە لە مادەی(/49بەندی یەکەم) ی ئەم دەستورەدا هاتووە کە(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێک دێت لە ژمارەیەک کورسی ئەندامان بەڕێژەی یەک کورسی بۆ هەر سەد هەزار کەس لە ژمارەی دانیشتوانی عێراق کە نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەکەن....).

سێ یەم: زیاتر لە (46%) ی قەزاکانی عێراق بێ بەش دەبن لە بەر کەوتنی کورسی ئەنجومەنی نوێنەران، بەمەش دەبێت لەگەڵ قەزایەکی تر یان چەند قەزایەک تێکەڵ بکرێن بۆ ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانیان بگاتە ئاستی ئەو ڕێژەیەی کە کورسیەکیان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەمەش دانیشتوانی ئەم قەزایانە کێ برکێ دەکەن بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان سەربخەن، ئەمەش مەترسی زۆر دروست دەکات لە سنوری ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتیش ئەگەر بێتو قەزایەکی کوردنشین ی ڕێژە کەم لە دانیشتوان لەگەڵ قەزایەکی عەرەب نشین یان تەعریب کراودا تێکەڵ بکرێت، بۆ نمونە ئەو مەترسیە لەسەر قەزاکانی داقوق و دوبس لە سنوری پاریزگای کەرکوک و سێمێل و شێخان لە سنوری پاریزگای نەینەوا زیاتر چڕ دەبیتەوە.

چوارەم: (کۆتا)ی پێکهاتەکان و ژنان دەنگەکانیان لەسەر ئاستی تەواوی پاریزگاکە کۆ دەکرێتەوە، واتا دەنگی ڕاستی کاندیدەکانیان لە تەواوی قەزاکان کۆدەکرێنەوە وپاشان لەسەر ئاستی پاریزگاکە براوەکان دیاری دەکرێن ئەویش لە سەر بنەمای ئەوەی کامە کاندید زۆرترین دەنگی بە دەستهێناوە لە سەر ئاستی پاریزگاکە.

پێنجەم: ئەم جۆرە سیستەمەی هەڵبژاردن لە ساڵی 1977 لە ئوردن پەیڕەو کراوە،هەروەها لە تایوان ولە ساڵی 1948یش تاوەکو ساڵی 1993لە یابان ،بەڵام ئێستا زۆر کەم پەیڕەو دەکرێت ئەویش بە هۆی ئەوەی دەنگێکی زۆری هاوڵاتیان بە فیڕۆ دەچێت.



*** ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی (پ.د.ک)، ماستەر لە بواری یاسای هەڵبژاردن.**







گرنگترین رووداوەکانی ساڵی 2019 لە هەرێمی کوردستان

ئا: کاروان محەمەد سینۆ

لە ساڵی 2019دا چەندین بوویەر و رووداوی سیاسی لە کوردستاندا تێپەڕین کە گرنگی و کاریگەری سیاسیان هەبوو. لێردا هەوڵدەدەین چەند بوویەرێکی گرنگ بۆ خوێنەران بخەینەروو.

*** سەردانی پۆمپیۆ**

لە 9ی کانوونی یەکەم مایک پۆمپێیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جیا کۆبوونەوەکانیش لە لەدوای کۆبوونەوەکانیش لە تویتێکدا پۆمپیۆ ئاشکرای کرد کە دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکەی لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کردووە.

*** وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد**

رۆژی 15ی کانوونی دووم، ژان ئیڤ لودریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و چاوی کەوت بە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤانی بارزانی

*** مەسرور بارزانی بەشداریی لە لوتکەی ئاسایشی میونشن کرد**

رۆژی 15ی شوبات لوتکەی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا بە بەشداریی چەندین سەرۆک و سەرکردەی وڵاتانی جیهانی بەڕێوەچوو و تیایدا مەسرور بارزانی بەشداریی کرد و لە پەراوێزی کۆڕبەندەکەدا لەگەڵ چەندین سەرکردەی وڵاتانی جیهانی کۆبوونەوە.

*** رێککەوتنی پارتی گۆڕان**

رۆژی 18ی شوبات پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتنێکی سیاسییان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرد.

*** رێککەوتنی پارتی و یەکێتی**

لە رۆژی 4ی مانگی ئازار پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێککەوتنێکی سیاسییان واژۆکرد، دواتر لە بەردەوامی گفتگۆکانیان رۆژی 5ی ئایار رێککەوتنی واژۆکرد و لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنە و رێککەوتنی پارتی و گۆڕان کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی لەنێوان ئەو سێالیەنە پێکهێندرا.

*** پێشانگای کتێب- هەولێر**

رۆژی 2ی نیسان سەرۆک بارزانی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی هەولێری کردەوە، لە پێشانگایەکەدا کە زیاتر لە 300وشانخانەی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی بەشداربووون. لە مەراسیمی کردنەوەدا، سەرۆک بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد و رایگەیان، ئەگەر لە عێراق دەستوور جێبەجێکرابوایە، هەرگیز کێشە دروست نەدەبو.

*** بەشداریی سەرۆک بارزانی لە کۆڕبەندی داڤۆس – دەریای مردوو**

لەرۆژی 5ی نیسان سەرۆک بارزانی بەشداری لە کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس لە دەریای مردووی ئوردن کرد، لە پەراوێزی کۆڕبەندەکە چەندین کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی بەشداربوو ئەنجام دا، رۆژی 7ی نیسانیش لە دیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرد.

*** راسپاردنی مەسرور بارزانی بە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان**

لە رۆژی 12ی حوزەیران نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راسپارد.

*** متمانەدان بە مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەت**

رۆژی 10ی تەموز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی کابینەی نۆیەم



*** سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم**

لە رۆژی 10ی حوزەیران، نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوێند و لە مەراسیمەکەدا نوێنەرانی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە و جیهان بەشدار بوون.

چوونە بەردەم پەرلەمانی پەرلەمانی کوردستان و متمانەی کوردستانیان وەرگرت، لە گوتاری دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەوان کارەکەن بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی بەهێزتر و کارنامەیەکی ئامادەکراوی بۆ کارکردنی چوار ساڵی ئایندە خستەڕوو.

*** سەردانی مەسرور بارزانی بۆ بەغدا**

رۆژی 16ی تەموز مەسرور بارزانی سەرۆک حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی بااڵی وەزاری سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە، مەسرور بارزانی دووپاتی کردەوە، کە ئەوان دەیانەوێت لە چوارچێوەی دەستوور سەرجەم کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا یەکلای بکەنەوە و ئەو سەردانەشیان بۆ دەربڕینی نیازپاکییە بۆ چارەسەری کێشەکان بوو.

*** سەردانی شاندی هەدەپە بۆ لای سەرۆک بارزانی**

رۆژی 7ی ئەیلوول لە سەردانێکی چەند رۆژەدا، شاندێکی بااڵی هەدەپە بە سەرۆکایەتی سەزایی تەمەلی هاوسەرۆکی ئەو حزبە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، وێڕای کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت شاندەکە سەردانی حزب و الیەنەکانی باشووری کوردستانیان کرد و پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانیان و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لەناوچەکە تەوەرەی گەرمی سەردانەکەی هەدەپە بوو، سزای تەمەلی وەک ئامارۆیەک بۆ سەردانەکەی بۆ لای سەرۆک بارزانی گوتی، ئەوان هاتوون رێنمایی لە سەرکردەیەکی کاریگەری کوردستانی وەربگرن.

*** سەردانی لافرۆڤ بۆ کوردستان**

وەزیری دەرەوەی رووسیا، سێرگی لافرۆڤ بەیاوەری شاندێکی بااڵی ئەو وڵاتە رۆژی 7ی تشرینی دووەم سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەجیا کۆبوونەوە.

*** سەرۆک بارزانی: خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە بەهادارترە**

پاش ئەوەی دۆنالد ترامپ گوتبووی کە ئەوان پارەیان بە کورد داوە و کوردیش لە رۆژئاڤا شەڕیی دژی داعشیان کردووە، رۆژی 9ی تشرینی یەکەم،سەرۆک بارزانی لە پەیامێکیدا کە لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی تویتەر ئاراستەی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکای کرد و رایگەیاند: بەڕێز سەرۆک دۆنالد ترەمپ بۆ ئاگاداریی جەنابت: گەلی کوردستان هەمیشە داوای مافە رەواکانی خۆی کردووە و بەرگریی لە خۆی کردووە. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر. خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە

*** سەردانی بەرهەم سالح بۆ هەولێر**

رۆژی 18ی ئەیلول بەرهەم سالح سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و بەرپرسانی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە و عێراق تاوتوێکران.

*** سەردانی پێنس بۆ کوردستان**

رۆژی 23ی تشرینی دووەم، مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بە سەردانێکی ڕانەگەیەندراو وگەیشتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و دۆستایەتی و پشتیوانی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان و کورد دووپات کردەوە.

*** سەردانی مەسرور بارزانی بۆ تورکیا**

رۆژی 28ی تشرینی دووەم سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا و بەرپرسانی بااڵی ئەو وڵاتە تاوتوێی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان کرد.

*** گوتاری سەد رۆژەی حوکمڕانی مەسرور بارزانی**

رۆژی 7ی کانوونی یەکەم مەسرور بارزانی ئەنجامی کارکردنی کابینەی نۆیەمی لە ماوەی 100رۆژ بۆ خەڵکی کوردستان خستە ڕوو و دیارترین دەسکەوتەکان و بەرەوپێشچوونەوەکانی کابینەی نۆیەمی ئاشکراکرد، دووپاتیشیکردەوە کە کابینەکەی کاردەکات بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی هەمەالینە.

*** سەردانی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا**

ئێوارەی رۆژی سێشەمە 17ی کانوونی دووەم مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە لۆرێنزۆ گوێرینی، وەزیری بەرگری ئیتاڵیا و شاندی یاوەری کرد.لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لە بارەی دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش کرا. وەزیری بەرگری ئیتاڵیا ئامارژەی بە پەیوەندی میژوویی نێوان ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان کرد و گوتی خۆشحاڵین بە پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێزمان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، ستایشی قوربانیدانەکانی پێشمەرگەش دەکەین لە شەڕی دژی تیرۆردا. وەزیری بەرگری ئیتاڵیا گوتیشی هەڕەشەی تیرۆر لە عێراق هێشتا هەرماوە، بۆیە ئیتاڵیا وەک ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕی دژی داعش، الە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت.

هەروەها وەزیری بەرگری ئیتاڵیا رایگەیاند کە لە مانگی داهاتوودا بەشداری و پابەندبوونمان لە شەڕی داعش و هاوکاری پێشمەرگە نوێ دەکەینەوە، چونکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر هێشتا کاری زۆرمان ماوە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین.

سەرچاوە: کەناڵی ئاسمانی (K24) پەدەستکاریپەرە).

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/31 ژمارە (5902)
خەبات

حکوومەتی ویفاق داوایەک ئاراستەی وڵاتانی جیهان دەکات



حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا، محەمەد سەیالە جەختی لەسەر ئەوەیش کردەوە کە حکوومەتی تەبایی، تاکە حکوومەتی شەرعییە کە نوێنەرایەتی گەلی لیبیا دەکات. ناوبراو باسی لەوەیشکرد کە هێرشی میلیشیاکانی خەلیفە حەفتەر بۆسەر تەرابلوس بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم بەدیهێنانی سەقامگیری و دامەزراندنی وەڵاتێکی مەدەنی دوور لە حکومڕانی سەربازیی لە لیبیا. لیوا خەلیفە حەفتەر کە بەنیازە بە زەبری چەک لە خۆرهەڵاتی لیبیا ئیدارەی بگرێتە دەست، دووانیجار لە 12ی کانوونی یەکەمدا فەرمانی بە هێرشێکی نوێ کرد بۆسەر تەرابلوس بە ناوی "جەنگی یەکلاکەرەوە". لیوا خەلیفە حەفتەر لە چواری نیساندا فەرمانی هێرشی بە یەکەکانی کرد بۆ دەستگرتن بەسەر تەرابلوسدا و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە لە میانی 48 کاتژمێردا کۆنترۆڵی دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا یەکەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "گڕکانی تووڕیی" کرد.

نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەئامانجکردنی خەڵکی سڤیل لە لیبیا نیگەرانە



نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا رایگەیاند کە هەست بە نیگەران دەکەن لەوەی بەهۆی تەشەنەسەندنی گرژییە سەربازییەکانەوە لە لیبیا، ژیانی سڤیلێکی زۆر کەوتووەتە مەترسییەوە. نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا راگەیەندراوێکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە "بە نیگەرانییەکی قوڵەوە بەدواداچوون بۆ ئەو زانیارییانە دەکەین کە لە شاری تەرهونە و ناوچەکانی دەوروبەری سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەدەستمان گەیشتوون". لە راگەیەندراوەکەدا هەروەها ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو زانیارییانە بە دۆکۆمێنێت دەکرێن بۆ ئەوەی پێشکەش بە دادگای تاوانەکانی خۆچێی و نێودەوڵەتی بکرێن. ئەوەیش لە کاتێکدایە کە دوێنێ شەمە هێزەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا رایگەیاندبوو فڕۆکەیەکی ئیمارات کە پاڵپشتی لە لیوا خەلیفە حەفتەر دەکات، زنجیرەیەک هێرشی کردووەتە سەر شارەکانی مەسلانە و زەلیتن و لە ئاکامدا، سێ کەس کوژران. لیوا خەلیفە حەفتەر کە بەنیازە بە زەبری چەک لە خۆرهەڵاتی لیبیا ئیدارەی بگرێتە دەست، دووانیجار لە 12ی کانوونی یەکەمدا فەرمانی بە هێرشێکی نوێ کرد بۆسەر تەرابلوس بە ناوی "جەنگی یەکلاکەرەوە". لیوا خەلیفە حەفتەر لە چواری نیساندا فەرمانی هێرشی بە یەکەکانی کرد بۆ دەستگرتن بەسەر تەرابلوسدا و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە لە میانی 48 کاتژمێردا کۆنترۆڵی دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا یەکەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "گڕکانی تووڕیی" کرد.

نیگەرانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا سەبارەت بە شەڕکردنی بەکرێگیراوان لە لیبیا



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن. ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner" لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن. ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە وڵاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکدارییەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس رایگایاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، مایک پۆمپیۆ و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هایکۆ ماس پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامداوە. بەپێی ڕاگایەندراوەکە، مایک پۆمپیۆ و هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشانداوە سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیا شەڕ دەکەن. لە ڕاگایەندراوەکەدا تیشک خراوەتەسەر ئەوەی کە هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و ئەڵمانیا، پاڵپشتی خۆیان بۆ هەوڵەکانی ئێستای نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا دووپاتکردووەتەوە. دوێنێ هەینی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا ڕایگەیاندبوو نیگەرانین لە دوا پێشهاتەکانی ئێستای لیبیا و تەشەنەسەندنی گرژییە سەربازییەکان لەو وڵاتە و جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی کە تاکە ڕێگای چارەسەرکردن بۆ کێشەکان، گفتوگۆ و دانوستانە. لیوا خەلیفە حەفتەر کە بەنیازە بە زەبری چەک لە خۆرهەڵاتی لیبیا ئیدارەی بگرێتە دەست، دووانیجار لە 12ی کانوونی یەکەمدا فەرمانی بە هێرشێکی نوێ کرد بۆسەر تەرابلوس بە ناوی "جەنگی یەکلاکەرەوە". لیوا خەلیفە حەفتەر لە چواری نیساندا فەرمانی هێرشی بە یەکەکانی کرد بۆ دەستگرتن بەسەر تەرابلوسدا و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە لە میانی 48 کاتژمێردا کۆنترۆڵی دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا یەکەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "گڕکانی تووڕیی" کرد. ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادانەکان لە لیبیا دووپاتکردووەتەوە. دوێنێ هەینی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا ڕایگەیاندبوو نیگەرانین لە دوا پێشهاتەکانی ئێستای لیبیا و تەشەنەسەندنی گرژییە سەربازییەکان لەو وڵاتە و جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی کە تاکە ڕێگای چارەسەرکردن بۆ کێشەکان، گفتوگۆ و دانوستانە. لیوا خەلیفە حەفتەر کە بەنیازە بە زەبری چەک لە خۆرهەڵاتی لیبیا ئیدارەی بگرێتە دەست، دووانیجار لە 12ی کانوونی یەکەمدا فەرمانی بە هێرشێکی نوێ کرد بۆسەر تەرابلوس بە ناوی "جەنگی یەکلاکەرەوە". لیوا خەلیفە حەفتەر لە چواری نیساندا فەرمانی هێرشی بە یەکەکانی کرد بۆ دەستگرتن بەسەر تەرابلوسدا و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە لە میانی 48 کاتژمێردا کۆنترۆڵی دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا یەکەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "گڕکانی تووڕیی" کرد.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1945:
هاری ترومانی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا هەواڵی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ڕاگەیاند .



سالی 1947:
کێشەی کشمیر لە نێوان هیند و پاکستان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کرایەوە .



سالی 1984:
ئەمەریکا لە ڕێکخراوی پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانستەکان یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کشایەوە.



سالی 1999:
بۆریس یەلتسنی سەرۆکی پێشووتری ڕووسیا دەستی لە کار کێشایەوە .



سالی 2006:
بەریتانیا دوایین بڕی قەردەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دایەوە ئەمەریکا .



سالی 2015:
ئاگرێکی گەورە لە هۆتێلی عینوان داون تاون لە دوبەی کەوتەوە .

www.xebat.net
ژمارە (5902) 2019/12/31 ساڵی شەممە
خەبات



نانسی پیلۆسی.. ئافرەتە پۆڵایینەکەی ئەمەریکا



نانسی پاتریسیا دی ئەلیساندرۆ پیلۆسی، لە 26 ئاداری 1940لە دایک بووە و بە ڕەچەڵەکی ئیتاڵیایە، لە 9کانونی دووەمی 2019دە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. پیلۆسی، دوو جار بووتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، جاری یەکەم لە ساڵی 2007دە بۆ ساڵی 2011بوو.

ناوبراو 17جار بووتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و دووجاریش بووتە سەرۆکی کەمینەی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، جاری یەکەم لە ساڵی 2003دە بۆ ساڵی 2007جاری دووەمیش لە ساڵی 2011دە تاکو ساڵی .2011نانسی سەرکردەی دیموکراتەکانە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا و لە ساڵی 1987یشەوە، نوێنەری ویلایەتی کالیفۆرنیایە لە ئەنجومەنی ناوبراودا. نانسی پیلۆسی لە شاری بالتیمۆر لە ویلایەتی ماریلاند، لە مالباتێکی ئیتاڵی-ئەمریکی لە دایک بووە و سەر بە کلێسای کاسۆلیکییە. نانسی لە سەرەتای ساڵی 2019بە دەنگی 223ئەندام لە کۆی 435ئەندام، بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا هەڵبژێردرا و بەسەر رکابەرە کۆمارییەکەی، کیڤن ماکارتی سەرکەوت، ناوبراو یەکێ لەو 126ئەندامەی دیموکراتەکان بوو، کە ساڵی 2002لە دژی بەکارهێنانی هێز لە عێراق دەنگی دا. نانسی، هەر لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەیەوە، ڕووبەڕووی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بووەتەوە، جاری یەکەم کاتێک ڕازی نەبوو ئەنجومەنی نوێنەران، دەنگ لەسەر خەرجکردنی بڕی 5ملیار دۆلار، بۆ دروستکردنی دیوارێک لەسەر سنووری مەکسیک بدات، لەگەڵ چەند یاساییەکی تایبەت بە باج، ئیستاش دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ ترەمپ بکرێت، کە دوور نییە بێتە هۆی دوورخستنەوەی لە پۆستی سەرۆکی ئەمریکا، نەخاسمە دوای بەرزبوونەوەی دەنگەکان، بۆ کێشانەوەی متمانە لێی. کارمەندێکی هەواڵگری ئەمریکا، سکاڵایەکی فەرمیی پێشکەش کردووە، کە پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوان ترەمپ و سەرۆکی ئۆکراینا لە خۆ دەگرێت، تێیدا ترەمپ، فشار دەخاتە سەر سەرۆکی ئۆکراینا، بۆ کردنەوەی لێکۆڵینەوە لە چەند کێشەیەکی گەندەڵی، کە هانتەر بایدن، کوڕەکەی جۆ بایدن، ئەوەی ماوەیەک لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی وزەی ئۆکراینی کاری کردووە، تێوەی گلاوە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر تێوەگلانی ئەو کوڕەی بایدن لەو کێشەیەدا نییە. لێرەدا ڕۆڵی نانسی پیلۆسی دەرکەوت، کە لە هەنگاوێکی نەکردەییدا لە 24 ئەیلوڵی 2019ڕایگەیاند، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمیی بۆ کێشانەوەی متمانە لە سەرۆک دەکات و لەبەردەم ئەنجومەنەکەی وتی:"کارەکانی سەرۆک تاکو ئێستا هەمووی لە دژی دەستوور بووە، پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکدا بکرێت، کەس لە سەرووی یاساوە نییە". ئەو هەنگاوەش، بە بەهێزترین ململانێی نانسی لەگەڵ ترەمپ دادەنرێت، کە سەرۆک، هیچ لە تۆمەتبارکردنی بە ناپاک دوودڵ نەبوو و ئەو هەنگاوەشی بە کووتا وەسفکرد.

ڕەمزی میرەکانی

پرۆفایل

ناو: نانسی پاتریسیا دی ئەلیساندرۆ پیلۆسی.
لەدایکبووی: 26 ئاداری 1940 (79 ساڵ).
شوێنی لە دایکبوون: بالتیمۆر- ویلایەتی ماریلاند.
ڕەگەزنامە: ئیتاڵی- ئەمەریکی
ئایین: کاسۆلیکی ڕۆمانی.
پیشە: سیاسەتمەدار
شوێنی دانیشتن: سان فرانسیسکۆ.
پارت: پارتی دیموکراتی ئەمەریکا
زمان: ئینگلیزی

پۆستەکەیدا. ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ سەرۆک ترەمپ، دەستوەردانە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، لە ڕێگەی ساختەکردنی ڕاستییەکان لەبارەی ڕکابەرە پێشبینیکراوەکەی، جۆ بایدن، بە یارمەتی ئۆکرایناوە. ڕووبەڕووبوونەوەی نانسی بۆ ترەمپ، نازناوی (ئافرەتی پۆڵایین)ی پێ بەخەشیووە. کێشەکەی ترەمپ، یەکەم کێشە نییە کە پیلۆسی تێیدا دەبێتە هەڕاسانکەری سەرکردەکان، بەڵکو لە زۆربەی جەنگەکانی نێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان، کە ئەنجومەنی نوێنەرانیان کردبووە گۆڕەپان، ئامادەیی هەبووە. نانسی، ساڵی 2011 ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو ڕەتکردنەوە میژوویییەی یاسای چاودێری تەندروستیی هەبوو، ئەوەی سەرۆکی پێشوو باراک ئۆباما، لە ئەنجومەنی نوێنەران خستیەڕوو. زێدەباری ئەوەی، نانسی، بەردەوام بەرەنگاری هێرشی ڕاستڕەوەکان دەبێتەوە، بۆیە نەیارەکانی بە کەسێکی چەپڕەو ناوزەدی دەکەن، چونکە چەندین جار هەوڵی داوە، باج لەسەر مالباتە ناوەندییەکان زیاد بکات و، پشتیوانیش لە هاتنی کۆچبەرە نا یاساییەکان دەکات. سەرۆک ترەمپ، پێشتریش بەر لەوەی نانسی ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران زۆر لێی دەترسا، جارێکیان ترەمپ لە گردبوونەوەیەکی لایەنگرانی لە مینیسۆتا وتی:"دەتوانن وێنای ئەوە بکەن، نانسی پیلۆسی، ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران؟ ئەوەم لەگەڵ مەکەن، وێنای ئەوە ناکەم، هەروەها ئێوەش". یەکێ لەو هەڵە زۆرانەی کە، ترەمپ، لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆی کردی، هاندانی هاوتا ئۆکراینییەکەی بوو، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ،جۆ بایدن بکات، کە بە یەکێ لە گەورەترین ڕکابەرەکانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020دادەنرێت. دیموکراتەکان، لەسەرووی هەموشیانەوە، نانسی پیلۆسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو ڕووداوەیان قۆستەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرۆک ترەمپ بکەنەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دوورخستنەوەی لە پۆستی سەرۆکی ئەمریکا، نەخاسمە دوای بەرزبوونەوەی دەنگەکان، بۆ کێشانەوەی متمانە لێی. کارمەندێکی هەواڵگری ئەمریکا، سکاڵایەکی فەرمیی پێشکەش کردووە، کە پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوان ترەمپ و سەرۆکی ئۆکراینا لە خۆ دەگرێت، تێیدا ترەمپ، فشار دەخاتە سەر سەرۆکی ئۆکراینا، بۆ کردنەوەی لێکۆڵینەوە لە چەند کێشەیەکی گەندەڵی، کە هانتەر بایدن، کوڕەکەی جۆ بایدن، ئەوەی ماوەیەک لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی وزەی ئۆکراینی کاری کردووە، تێوەی گلاوە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر تێوەگلانی ئەو کوڕەی بایدن لەو کێشەیەدا نییە. لێرەدا ڕۆڵی نانسی پیلۆسی دەرکەوت، کە لە هەنگاوێکی نەکردەییدا لە 24 ئەیلوڵی 2019ڕایگەیاند، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمیی بۆ کێشانەوەی متمانە لە سەرۆک دەکات و لەبەردەم ئەنجومەنەکەی وتی:"کارەکانی سەرۆک تاکو ئێستا هەمووی لە دژی دەستوور بووە، پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکدا بکرێت، کەس لە سەرووی یاساوە نییە". ئەو هەنگاوەش، بە بەهێزترین ململانێی نانسی لەگەڵ ترەمپ دادەنرێت، کە سەرۆک، هیچ لە تۆمەتبارکردنی بە ناپاک دوودڵ نەبوو و ئەو هەنگاوەشی بە کووتا وەسفکرد.

ڕەمزی میرەکانی

فڕینی فڕۆکەیەکی ئەمریکا بە ئاسمانی نیمچەدوورگەی کۆریادا



فڕۆکەیەکی ئەمریکا بەمەبەستی پشکنین، بە ئاسمانی نیمچەدوورگەی کۆریادا فڕی. ئاژانسی هەواڵیی کۆریای باشوور یۆنهاپ بڵاویکردەوە کە پێگەی چاودێری ئاسمانی "Aircraft Spots" فڕۆکەی پشکنینی جۆری RC-135W Rivet Joint هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ئاسمانی نیمچەدوورگەی کۆریادا بینیووە. 10ڕۆژ لەمەوبەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی Global Hawkو فڕۆکەی بۆردومانی ستراتیجی جۆری B-52هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە نزیک نیمچەدوورگەی کۆریا و ژاپۆن بیندرابوون. یۆنهاپ پشتبەستن بە ئاژانسی هەواڵیی ناوەندی کۆریای باکوور ڕایگەیاندووە کە سەرۆکی کۆریای باکوور، جیم جۆنگ-ئون سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەکی کردووە کە گەورە بەڕێسانی سەربازی وڵاتەکەی تیادا بەشداربوون و تیایدا جەخت لەسەر بەهێزترکردنی هێزە سەربازییەکان کراوەتەوە. سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی دوێنێیدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن، ئابی شینزۆ ڕایگەیاند کە گەیشتوون بە ڕێککەوتن بۆ هەماهەنگی و پەیوەندی پتەو دوای لێدوانە هەڕەشەئامێزەکانی کیم جۆنگ-ئون. نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری کۆریای باکوور، ستیفان بیگون دەستنیشانکردنی ماوەیەکی بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازی کردەیی بۆ ئەمریکا بەمەبەستی دەستکردنەوە بە دانوستانە پچڕاوەکان لەگەڵ کۆریای باکوور ڕەتکردبۆوە. سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ و سەرۆکی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون بۆ یەکەمجار لە 12ی حوزەیرانی 2018بەیەکەوە کۆبوونەوە و گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەبارەی دامالینی نیمچە دوورگەی کۆریا لە چەکی ئەتۆمی و ئاشتییەکی یەکجارەکی. جارێکی دیکە لە 27-26ی شوباتی 2019هەردوولا لە هانۆی پایتەختی ڤییەتنام کۆبوونەوە، بەڵام لووتکەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و بەخێرایی و بێ لێکتێگەیشتن کۆتایی هات. دۆناڵد ترەمپ لەبارەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ کیم جۆنگ ئون ڕایگەیاندبوو "ئەوان دەیانویست سزاکان بە تەواوی هەڵبگرین. ئێمەش نیازی ئەوەمان نەبوو". دوای لووتکەی دووەمی نێوان ترەمپ و کیم لە ڤییەتنام، دانوستانەکان گەیشتبوون بە خاڵی ڕاگرتن. دۆناڵد ترەمپ و جۆنگ ئون کیم بۆ دواجار 30ی حوزەیرانی ڕابردوو لە "ناوچەی لەچەک دامالدراو" نێوان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بەردەوام بن لە پڕۆسەی دانوستانەکانیان لەبارەی چەکی ئەتۆمی.



مانشێت

سکای نیوز:
لە ویلایەتی تکساسی ئەمەریکا چەکدارێک تەقەی لە کلێسایەک کرد و لە ئەنجامدا دوو کەس کوژران .



ئیلاف:
حکوومەتی ئۆکرانیا و گرووپە جیاخوازەکانی سەر بە ڕووسیا 200بەندکراویان ئاڵوگۆڕکرد .



ئەی ئێف پی:
حکومەتی ئەمەریکا کۆربای باکوری ئاگادار کردەوە ئەگەر موشەکی دریژمەودا تاقی بکاتەوە ، پەنا بۆ ڕێگەچارەی دیکە دەبات .



ڕۆیتەرز:
یۆنان ڕایگەیاند ئەگەر سەبارەت بە ناکۆکیەکانی لەگەڵ تورکیا نەگەنە ڕێککەوتن ، پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی دەبات .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە هۆنگ کۆنگ جارێکی دیکە خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە و پۆلیسیش لانی کەم 15کەسی دەستگیر کرد .



کەنالی ئار تی :
پۆلیسی فەرەنسا 31کەسی دەستگیر کرد کە دەیانویست لە دەریای مانشی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا بپەڕنەوە .

کاکایا گەورەترین میوە لە جیهاندا



چاک فرووت یان کاکایا یان جاکا یان جاکیا یان جاکۆیرا، ناوی جیاوازن بۆ گەورەترین درەخت کە گەورەترین میوە لە جیهاندا دەگرێت. ئەو درەختە لە پۆلی (ئارتۆکاریۆس)یە کە هەر یەک لە هەنجیر و تووە لە هەمان پۆلن. بە یەکێ لە درەختە ڕەسەنەکانی دارستانی باراناوی باشووری ڕۆژئاوای هیندستان دێت، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی فراوان لە ناوچە کەمەرییەکاندا دەچێندرێت.

لێردا باسیی چەند تایبەتمەندییەکی ئەو درەختە دەکەین:-

یەکەم. مەزندە دەکرێت کە یەکەم درەخت بێت گەشەی کردبێت لە دارستانە باراناوییەکانی هیندستاندا.

دووەم. باشترین بەرهەمی دەبێت لەو ناوچانەی کە کەشوهەوای کەمەری یان نیمچە کەمەرییان هەیە.

سێیەم. بریتییە لە میوەیەکی زەبەللاح کە درکدارە و شێوە هێلکەییە و کێشی دەگاتە 36 کیلۆگرام.

چوارەم. ڕەنگی دەرەوەی میوەکە سەوز یان زەردە لە کاتی پێگەیشتندا، لە ناوەوەش بریتییە لە پیازۆکەی زەردی شیاو بۆ خواردن.

پێنجەم. تامەکەی تێکەڵە لە نێوان تامی مۆز و مانگۆ و ئەناناس، لە ناویدا تۆوی هێلکەیی ڕەنگ قاوەیی کاڵ هەیە، تەنانەت تۆوەکەشی بە بەشێکی گرنگی میوەکە دادەنرێت بەهۆی بەها خۆراکییەکەی.

شەشەم. کاکایا گەورەترین میوەی سەر گۆی زەوییە.

حەوتەم. کرۆکی میوەکە زۆر پێکهاتەی گرنگی تێدایە وەک ئیسۆفلۆڤۆن و دژە ئۆکسینەکان و ماددە خۆراکییە ڕووەکییەکان بۆیە تایبەتمەندی ڕێگریکردن لە شێرپەنجەی هەیە.

هەشتەم. دەگوترێت ڕەگی کاکایا باشە بۆ چارەسەری کێشەکانی پێست.

نۆیەم. شۆێنی ڕەسەنی درەختی کاکایا وڵاتانی ئاسیا و سەرجەم وڵاتە کەمەرییەکانە، هەروەها لە وڵاتی سعودیا و لیبیا و عوومان دەچێندرێت.



ئەو جۆرە هەڵپاچینە بۆ داری هەنار پێویستە

هەڵپاچینی پەروەردە یان بەدەستهێنانی شێوە بۆ داری هەنار زۆر گرنگە بە ئامانجی بەخشینی شێوەی گۆیی بە دارەکە کە یەک قەدی سەرەکی دەبێت کە چوار تا پێنج لقی لە سەرە و بە هەموو ئاڕاستەکان بڕوات بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە کۆمەڵەی سەوز و بۆ ئەوەی بەرهەمی دارەکە دابەش بێت بە شێوەیەکی یەکسان لەسەر لقەکان.

دوای ساڵێک لە ڕووادنی دارەکە و لە وەرزی زستاندا لق و پۆپی زۆر لەسەر نەمامە چێندراوەکە دەبینرێت، بەهێزترینیان هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی ببێتە قەدی سەرەکی دارەکە پاشان لقە شینبووەکانی دیکە دەبڕین، لقە هەڵبژێردراوەکە لە ئاستی 60 - 70 سم دەبڕدرێت (قوتدەکرێت). لە 3ساڵی یەکەمی تەمەنی دارەکە پێویستە 5-4لق لەسەر قەدە سەرەکییەکە دەستنیشان بکەین کە بە هەر چوار ئاڕاستە دابەشکرابێت بەوەش دارەکە شێوەیەکی گۆیی وەردەگرێت، بەو کردارە لە کۆتایی ساڵی سێیەمدا داریکی هاوسەنگمان دەستدەکەوێت کە لە قەدێکی سەرەکی و 4تاکو 5لق پێکدێت لەو کاتەدا دارەکە ئامادەیە بۆ قۆناخی بەرهەمهێنان.

بیبەری تووں مەترسیی مردنی زوو وەختە کەمدەکاتەوە

بیبەری تووں (تیژ) ژمارەیەک لە تۆخمە خۆراکی گرنگ لە پێکهاتەکەیدایە کە سوودی تەندروستیی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە. لێکۆڵینەوەیەکی تازە ئاشکرایدەکات خواردنی بیبەری تووں بە شێوەیەکی بەردەوام و دووبارەکراو مەترسیی مردن بەهۆی جەڵدەی دڵ کەمدەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات خواردنی بیبەری تووں 4 جار لە حەفتەیەکدا ئەگەری هەیە دەرفەتی مردن بەهۆی توشبوون بە کێشەکانی دڵ دابەزێنێت.

ڕۆژنامەی (دەیلی میڵ)ی بەریتانی ئاماژەی بەوە دەکات کە توێژەران بەدواداچوونیان بۆ نزیکەی 23هەزار خۆبەخش کردووە بۆ ماوەی 8ساڵ بە ئاڕاستەکردنی پرسیار بە شێوەیەکی خولی بۆیان سەبارەت بە سیستەمی خۆراکییانەوە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن خواردنی بیبەری تووں بە بەردەوامی و 4جار لە حەفتەیەکدا مەترسیی مردنی زوو وەختە کە هۆکارەکەی نەخۆشییەکانی دڵە بە ڕێژەی 40%کەمدەکاتەوە. توێژەران بۆیان دەرکەوت تەنانەت ئەو خۆبەخشانەی سیستەمی خۆراکیی تەندروستیش پەیڕەو نەدەکرد لە کاتی خواردنی بیبەری تووں سوودی پێ گەیشتووە. ئاماژە بەوە دەکرێت کە ماددەی (کابسیسین)ی دژە هەوکردن و ئەو ماددانەی هەستی سوتانەوە دەبەخشن لەکاتی خواردنی بیبەری تووں هۆکارە بۆ دابەزاندنی ڕێژەی توشبوون بە کێشەکانی دڵ.

سیستەمی خۆراکی پۆلینکرا لە 0 بۆ 9 بە گوێرەی پلەی پابەندبوونیان بە سیستەمی خۆراکی دەریای ناوەڕاست، شایانی ئاماژەیە سەرجەم خۆبەخشەکان دانیشتووی ناوچەی (مۆلیزی) ئیتالیای بوون کە شۆێنی ڕەسەنی سیستەمی خۆراکی دەریای ناوەڕاستە کە بە تەندروستیترین سیستەمی خۆراکی جیهانی دادەندرێت کە پێکدێت لە سەوزە و میوە و چەرەزە تۆکڵ بەردینەکان و ماسیی و زەیتی زەیتوون، خواردنی گۆشتی لەم سیستەمە خۆراکییە زۆر دەگمەنە و خواردنی هێلکە و بەروبومە شیرەمەنییەکانیش سنووردارە.

لێکۆڵینەوەکە ڕوونیدەکاتەوە کە 24لە سەدای بەشداربوو بە شێوەیەکی بەردەوام و لە کاتی خۆی بیبەری تووں خواردووە و یەک لە سەر سێ هەرگیز بیبەریان نەخواردووە. ئەوانەی بیبەری تووں بەردەوام خواردووە مەترسیی تووشبوون بە کێشەکانی دڵ و جەڵدەی دڵ لە لایاندا بە ڕێژەی 40بۆ 34لەسەدا کەم بۆتەوە.



سوودی گوشراوی گێزەر

یەکەم. خەسڵەتی دژە زیندەگی هەیە و ئەو بەکتریایەی لە ڕیخۆڵەکان دەردەکەوێت لەناوی دەبات.

دووەم. گوشراوی (شەربەتی) گێزەر یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی هەوکردن کۆئەندامی هەرسکردن و بۆ چارەسەرکردنی برینی گەدە.

سێیەم. پێست دەپارێزێت لە ئاسەواری کار تێکردنی تیشکی خۆر و هاوکارە بۆ گەڕانەوەی دروستییەکەی بە زووترین کات.

چوارەم. دەکرێت وەک خۆراک و دەرمان بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی گورچیلە بەکار بێت.

پێنجەم. گێزەر هۆرمۆنێکی بەسوودی تێدایە بۆ چارەسەرکردنی نیشانەکانی شەکرە.

شەشەم. یارمەتی جەستە دەدات بۆ دەربازبوون لە هەندێک کرمی گەدە و ڕیخۆڵەکان.

حەوتەم. یارمەتیدەرە لە کاتی توشبوون بە نەخۆشییەکانی سەرما و زستان بۆ چارەسەرکردنیان.

هەشتەم. بەرگری سروشتیی بەهێز دەکات.

نۆیەم. ڕووپۆشیی کۆئەندامی هەرس دەپارێزێت و چارەسەری دەکات.

دەیەم. ئاگادارکەرەوەیە بۆ سوتانی گەدە.

یازدەهەم. دەردانی ڕژێنی زراو زیاد دەکات.

دوازدەهەم. توانای میز کردن زیاد دەکات.

سێزدەهەم. بینین بەهێز دەکات. بەهۆی دەوڵەمەندی بە ڤیتامین .A

چەند سوودێکی تەندروستیی لالەنگی



بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان میوەی لالەنگی چەندین توخمی خۆراکی و ڤیتامینی جیاوازی تێدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت ڕووبەڕووی چەندین نەخۆشی ببینەوە.

لە مالپەڕی Li-vingInperuئەمەریکی ئەم چەند سوودەی لالەنگی باسکراوە:-

یەکەم. بۆی هەیە لالەنگی ڕێگربێت لە توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک و جگەر.

دووەم. ئەو دژە ئۆکسینانەی لە لالەنگیدا هەیە ڕێژەی کولیسترۆڵی زیان بەخش لە جەستەدا کەم دەکەنەوە و ڕێژەی کولیسترۆڵی سوود بەخش زیاد دەکەن.

سێیەم. پاریزگاری لە پەستانی خوێنی ئاسایی دەکات.

چوارەم. سەرچاوەیەکی باشی ڕیشاڵەکانە کە گەدە بۆ ماوەیەکی درێژ بە پڕی دەهێڵێتەوە.

پێنجەم. ئەو ڕێژە ڤیتامین Cی لە لالەنگی دا هەیە ڕێگا بە سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی زستان نادات.

شەشەم. خواردنی بەردەوامی لالەنگی ڕوخسار بریقەدار و تەندروست دەکات.

حەوتەم. ڕێژەی 80%ی پێویستی جەستە لە دژە ئۆکسایینەکان دابین دەکات.

هەشتەم. ڕۆنی لالەنگی بەسوودە بۆ گەشەی خانە و شانە نوێیەکان ئەوش یارمەتیدەرە بۆ چاکبوونەوەی خێرای برینەکان.

نۆیەم. لالەنگی دەوڵەمەندە بە هەر یەک لە ڤیتامین b12, Eکە پێویستن بۆ گەشەی قژ بە شێوەیەکی تەندروست و بەهێز و بریقەدار.

لەیەکەم بەشداربیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا

جۆڤیلیان: وازناهێنم تا بڕوانامەی گراندماستەری ئافرەتان بەدەست نەهێنم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

جۆڤیلیان سیپانتۆن ئەو کچە شەترەنجزانە لاوەی وڵاتی فلیپینە کە لەساڵی 2000 لەدایک بووە، بەجۆرێک حەزی لە شەترەنجە و رایدەگەیەنیت کە کەوتۆتە خۆشەویستی ئەو یارییەوە و هیچ کاتێکیش بیر لەوەناکاتەوە واز بهێنێت تا ئەوکاتەی بڕوانامەی گراندماستەر بەدەست دەهێنێت، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو کچە شەترەنجزانە ئەنجامداوە کە بەمشێوەیە باسی لە گرنگیی یاریی شەترەنج و سەرەتای ئاشنابوونی بەم یارییە دەکات

یەکەمی قوتابخانەکان

جۆڤیلیان Jovelynسەرەتا دەڵێت: لەبیرمە کاتێک تەمەنم دوو ساڵان بوو خۆشک و براکانم یاری شەترەنجیان دەکرد، باوکە بانگی دەکردم سەیریان بکەم تا ئەو یارییە فێربم، کاتێک تەمەنم بووە 6ساڵ بەتەواوی فێری ئەو یارییە بووم، بۆیە یەکەمجار بەسداری پاڵەوانێتییەکی قوتابخانەکەی خۆم کرد و توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، دواتر بەشداری چەندین پاڵەوانێتی دیکەم کرد و کاتێکیش تەمەنم گەیشتە 11ساڵان لە ریزی هەڵبژاردەی فلپین بۆ ئاستی تەمەنی خۆم وەرگیرام، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم بەدەستهێنانی ڕەیتینگی یەکێتی شەترەنجی نیودەوڵەتیم بوو.

بەختەوەرم کە شەترەنج دەکەم

ئەو کچە شەترەنجزانە لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج و گرنگیی ئەو یارییە دەڵێت: بۆ ئەوە شەترەنجم هەڵبژارد تا پارێزگاری لە ئارامی دەروونیم بکەم، هەروەها بیرکردنەوە و چۆنیەتی پلان دانان و دواتر بڕیاردانی دروست، شەترەنج پێش ئەوەی بڕیار بدەیت فێرت دەکات بیربکەیتەوە کە ئەم بڕیارەت دروستە یان نا، ئەمە جگە لەوەی یارمەتیدەرە لە وانەکانی خوێندن و تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشدا شەو وەرزشە دەتکاتە خاوەن کەسایەتییەک، بۆیە دەتوانم بڵێم بەختەوەرم کە شەترەنج دەکەم.

هەڵەکردن واتە دۆڕان

دواتر جۆڤیلیانی تەمەن 19 ساڵ زیاتر گوتی: شەترەنج یاری مێشکە، ئەگەر هەر جوڵەیەکی هەڵە ئەنجام بدەیت، ئەوا پلانەکەت شکست پێدەنیت، تۆ دەبێ پارێزگاری لە شتێک بکەیت بۆ ئەوەی بگەیتە مەبەست، ئەگەر نەتتوانی پارێزگارییەکی دروست بکەیت، ئەوا مەلیک دەکەویت و ئەوکات ناگەیتە ئامانج، ئەمە وا دەکات کە بدۆڕێیت، بەڵام شەترەنج ئەوەت فێر دەکات کە هەر هەڵەیەک بووتە هۆی دۆڕانت، ئەوا جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە ناکەیتەوە، کەواتە بڕوات پێدەدات کە جارێکی تر هەڵسیتەوە، ئەمە وانەیەکی زۆر گرنگە تەنانەت بۆ ژیانی ڕۆژانەش.

خەونی گراندماستەر

لە کۆتاییدا جۆڤیلیانی کچە شەترەنجزانی لاوی فلپینی گوتی: ڕۆژ هەیە دەمەویت هەموو کاتم بۆ ئەو یارییە بیت، دەتوانم بڵێم کەوتوومەتە خۆشەویستی شەترەنجەوە، بۆیە هیچ کات بیرم لەوەنەکردۆتەوە واز لەم یارییە بهێنم، چونکە هێشتا خەونەکەم نەهاتۆتە دی، دەمەوێ بڕوانامەی گراندماستەری ئافرەتان بەدەست بهێنم، دوای گەیشتن بەم خەونەش دەمەوێ ئەوەی فێری بوومە، بیگەینمە منداڵان و زۆرترین کەس فێری ئەو یارییە بکەم.

خولەکانی کوردستان دەستپێدەکەنەوە

ڕۆژی هەینی لە خولی نایابی کوردستان، یانەکانی دەربەندیخان و سۆران، هەولێر و سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی دەیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە بڕیارە ڕۆژی هەینی شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان ئەنجام بدرێت، یانەی دەربەندیخان لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی میواندارە یانەی سۆران دەکات، بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە ئەرکیان قورس دەبێت. دەربەندیخان بۆ ئاشت کردنەوەی هاندەرانی و هەنگاو نان بۆخانەکانی سەرەوە دەجەنگێ، کوردانی سۆرانیش لە مەملەکەتی پاشای گەورە چوونەتە دەقەری گەرمیان بۆ ئەوەی سێ خاڵی یارییەکە بەدەست بهێنن وپێشەنگی یانەکان زیاتر بپارێزین، لە پایتەختی کوردستانیش یانەی هەولێر لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی میواندارە یانەی سیروانی نوێ دەکات، بۆ ئەم یارییەش هەولێر دەیەوێت قەرەبووی شکستی یاری بەرامبەر سۆران بکاتەوە و بە سەرکەوتن لەم یارییە بڕینەکانی ساریژ بکات و زیاتر لە پێشەنگ نزیک بێتەوە، سیروانی نوێش دەیەوێ بە ئەنجامی شایستەوە بگەڕێتەوە پایتەختی ڕۆشنبیری بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە ئەرکیان قورسە، لەلایەکی دیکەوەش یانەی هەندرێن لەسەر یاریگای خۆی میواندارە یانەی سۆران دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەموو هەولێک دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لەم گەڕی خولەکە بەسەرکەوتوویی بێتە دەرەوە وبۆ ئەوەی زیاتر لە پێشەنگی یانەکان وەربگرێت، یانەی نەورۆزیش دەیەوێت بە ئەنجامی شایستەوە لەپیرمامەوە بگەرێتەوە شاری سلێمانی،لەگەڵ گۆڕینی ستافی ڕاهێنەرانیش یانەی نەورۆز خۆی ڕێکخستۆتەوە و دەیانەوێ بە ئەنجامی شایستە بێنە دەرەوە لەم یارییە، لە قەزای کەلاریش لە گەرمیان یانەی شێروانە ڕووبەڕووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەبێتەوە ئەم وەرزە هەردوو یانە ئاست و ئەنجامیان وەکوپێویست نییە، یانەکانیش دەیانەوێ لەم قۆناخە ئاستیان باشتر بکەن بۆ ئەوەی لە خانەکانی خوارەوەی ڕیزبەندی یانەکان ڕزگار بن، ئەم هەفتەیەش یانەی برایەتی چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر2؟30 خولەکی دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.

1- سۆران15خاڵ
2-پێشمەرگەی هەولێر15خاڵ
3-سیروانی نوێ15خاڵ
4-برایەتی 14خاڵ

ژمارەیەکی ئەفسوناوی..

ڕۆنالدۆ خاوەنی زۆرترین داهاتی ئینستاگرام بووە لە ساڵی 2019



مووچەی وەرزشوانان هیچی جیاوازی نییە لەو داهاتەی لە بڵاوکراوە و تویت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان دەکەوێت، ئەمەی خوارەوەش لیستی 10 یەکەمەکەی ساڵی 2019یە کە ژمارەیەک یاریزان لەخۆ دەگرت و لەنیویشیاندا هەندێ لەو یاریزانانە دەمێکە وازیان لە یاری هێناوە، ڕۆنالدۆ سەرقافلەی ئەو لیستەی گرتووە بەجیاوازییەکی زۆر لەگەڵ میسی پلەی دووەم دێت:

1- ڕۆنالدۆ (یۆڤینتۆس): 47.8ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 975هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
2- لیۆ میسی (بەرشلۆنە): 23.3ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 678هەوار دۆلاری دەستدەکەوێت.
3- کیندل گینز (پێژەری ئەمریکی): 15.7ملیۆن دۆلار، لەهەر لاوکراوەیەکدا 611هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
4- دیڤید بیکهام: 10.7 ملیۆن دۆلار، لەهەر لاوکراوەیەکدا 375هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
5- سیلینا گۆمێز (گۆرانیبێژ): 8ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 886 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
6- نایمار(پاریس سانجێرمان): 4ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 722 هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
7- ئیبرا(میلان): 4ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 200هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
8- کایلی جینز(شاجوانی ئینستاگرام): 3.8ملیۆن دۆلار، لەهەر بۆنەیەکدا 270هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
9- ڕۆنالدینهۆ: 2.6ملیۆن دۆلار، لەهەر بڵاوکراوەیەکدا 256هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.
10- کلۆی کاردیشیان(ئەستێرەی تەلەفزیۆن): 1.2 ملیۆن دۆلار، لەهەر بۆنەیەکدا 598هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.

ئا: هاوکار کەڵهوڕی

لیڤاندۆفسکی باشترین هێرشبەر

فیفا پێکهاتەی نموونەی 2019دەخاتە دەنگدانەوە ڕۆبیرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەری پۆڵەندی و یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی توانی لەدەنگدانەکەی FIFA 20بەباشترین هێرشبەری جیهان دەستنیشان بکرێت، کە فیفا بۆ باشترین پێکهاتەی نموونەیی 2019خستبویە دەنگدانەوە.

پێکهاتە نموونەییەکە بریتێ لە:
تیر شتیگن- باشترین گۆڵچی
ئارنۆلد باشترین بەرگریکار
ڕۆبرتسۆن باشترین لاچەپ
نگۆلۆ کانتی باشترین ئیرتکاز
کرۆس باشترین دابەشکردنی ناوەڕاست
زیاش باشترین گۆڕپانی ناوەڕاست
ڕۆنالدۆ و میسی باشترین هەردووباڵ
لیڤاندۆفسکی باشترین هێرشبەر



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پشتی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
The.31. Dec. 2019 No: (5902)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




هونەرمەند ئاسۆ عومەر سواری بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد

خەبات: دوێنێ دووشەمە 2019/12/30 هونەرمەندی ناسراوی کورد، ئاسۆ عومەر سواری بە سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، هەر دوێنێش لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و کەسایەتی و دۆستان و کەسوکاری هونەرمەندی کۆچکردوو لە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی ئەحمەدی حاجی عەلی نوێژی جەنازەی لەسەر کرا.

هونەرمەند ئاسۆ عومەر، ساڵی 1964 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی 1946 بنەماڵەکەی لە شاری پێنجوێنەوە هاتوونەتە سلێمانی و لەو شارە ژیاوە. هەر لە منداڵیەوە پەڕەی بە بواری هونەری داوە. کۆچکردوو بەشداری لە درامای گەردەلوول کردووە کە رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕا.

کۆچی دوایی ئاسۆ عومەر سواری، لەسەر ئاستی کوردستان دەنگیدایەوە، بەهۆی ئەوەی لە شاشەی هەموو ماڵێکدا رۆژگار دەرکەوتووە. دوێنێ دووشەمە بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد.

هونەرمەند قادر جەلال بۆ «خەبات»: ئەکتەرو دەقی باش هەیە، بەڵام پارە نییە، کاری باشیش بە پارە دەکرێت



دیمانە: پەریها عومەر

هونەرمەند قادر جەلال ڕەشید، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی گەڕەکی کانێسکان لە دایکبووە. هەر لە منداڵیەوە خولیای هونەری وێنە کێشان و میۆزیک و نواندنی هەبووە لە کۆتاییدا زیاتر حەزی چۆتە سەر نواندن هێشتا لە پۆلی دووی ناوەندی بووە بەشداری کاری شانۆی کردووە یەکەم شانۆگەری کە بەشداری سەرەکی کردووە ، لە ساڵی ١٩٧٢ بووە پاش ئەوە لە تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی وەرگیراوە هەر زوو بەشداربووە لە شانۆگەری (چەخماخە) دوایش لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کرا ئیتر لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە بواری نواندندا کار ئەکات لە زیاتر لە (٥٠) کاری شانۆیی و دراما و فیلم و چەندین بەرنامەی جۆراو جۆرا بەشدار بووە. دواکاریشی فیلمێکی سینەماییە بە ناوی (ماڵی خەونەکان) کە هێشتا کاری مۆنتاجی تەواو نەبووە لە دەرهێنانی هونەرمەند (دانا کەریم)ە. لێرەدا دەمانەوێ هەندێ پرسیار ئاڕاستەی هونەرمەند قادر جەلال بکەین:

ـ ئایا چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەرو درامای کوردی هەیە؟

ئێستای درامای کوردی بەداخەوە لەبری پێشکەوتن لە جێی خۆی وەستاوە هۆکارەکەشی ئەوەیە هیچ لایەنێک پشتگیری ناکات نە کەناڵە تیڤیەکان نە وەزارەتی ڕۆشنبیری دراماش بە بێ هاوکاری دارایی ناکرێ، کاری باشیش بە پارە دەکرێت، دەنا ئەکتەرو دەقی باش زۆرە.

وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی درامای دۆبلاژکراو دەڵێی کە لە کەناڵەکاندا پیشاندەدرێن ؟

درامای دۆبلاژکراوەکان بە راستی زیانی بە درامای کوردی گەیاندووەو هەڵسوکەوتی بینەریشی تێکداوە جگە لەوەی کە دەقەکانیان زۆر دوورە لە داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری بە تایبەتی درامای تورکیەکان ، ئەوپارە زۆرەی لەو درامایانەدا خەرج ئەکرێ گەر بۆ درامای کوردی خەرج بکرایە خزمەتێکی گەورەی ئەکرد بە درامای کوردی و کۆمەڵگەی کوردی.

دەڵێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆ و درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟

پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری پشتگیری تیپە هونەریەکان بکات بەوەی ئەو بڕە پارەیەی مانگانە پێیان ئەدرا بۆ کرێی نیشتەجێبوونیان کار ئاسانیان بۆ بکرێت بە پێدانی هۆڵی نمایش هەروەها هاوکاری ئەو گروپانە بکرێت کە پرۆژەی درامای بەهێزیان هەیە کەناڵە تیڤیەکانیش کارئاسانیان بۆ بکەن هاوکاریان بن ئەو کاتە ئەتوانین بینەر بە شانۆو دراما ی کوردی ئاشت کەینەوە.

هیچ پرۆژەیەکی تازەت هەیە بۆ هونەرو درامای کوردی؟

ـ لە ئێستادا هیچ پرۆژەیەکی هونەریم نییەو بە گیرفانی بەتاڵیش نە شانۆ ئەکرێ نە دراما.

ئارارات هەڤاڵ: ئاوازدانەرو شاعیرەکانن دەتوانن هونەری کوردی پێشبخەن



خەبات: سۆزان سلێمان

هونەرمەندی دەنگخۆش ئارارات هەڤاڵ حاجی، کە لە ماوەی ڕابردوودا ناوبانگێکی باشی لە بواری هونەری بەدەست هێنا لەم چاوپێکەوتنەدا دەربارەی کاری هونەریەکانی دەڵێت: ماوەیەکی زۆرە گۆرانی دەڵێم هەروەها لە قوتابخانە گۆرانیم دەگوت و حەزێکی تایبەتی خۆم بووە، سەبارەت بە یەکەم بەرهەمی ڤیدیۆ کلیپیەوە گوتی: یەکەم بەرهەمم بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ لە ساڵی 2015 بە ناوی "قەدەر" بڵاو بووە، گوتیشی گۆرانیم زۆرە، هەندێکیان کاری کلیپم بۆ ئەنجام داون و هەندێکیشیان تەنها بە شێوەی دەنگە و هەندێکیش لەوان ئامادەکراون، بەڵام هێشتا بڵاونەکراونەتەوە، ئەو گۆرانییانەی کەوا کاری کلیپم بۆ ئەنجام داون 5 گۆرانین ، و هەندێک کلیپیشم هەیە تایبەتن، نزیکەی 30 گۆرانیم بڵاوم کردوونەتەوە، ئامازەشی بەوە کرد : کاتێک دەستم بە کاری هونەری کرد وەک حەزێک دەستم پێکرد، سەبارەت بەوەی کەوا ناوبانگ بوون چ شتێکی لێ سەندوتەوە دەڵێت: بەناوبانگ بوون ناتوانێت هیچ شتێکت لێ بسەنێتەوە ئەگەر خۆت بتەوێت، هەروەها دەربارەی ئەلبومەکەی دەڵێت: کارم لەسەر دروستکردنی ئەلبومێک دەکرد، بەڵام بە هۆی هەندێک تەگەرەوە نەمتوانی بەردەوامی پێ بدەم و بڵاوی بکەمەوە، لە پرسیارێکدا کە ئایا چۆن بتوانین هونەری کوردی پێش بخەین دەڵێت: پێشخستنی هونەری کوردی لە دەست شاعیر و ئاوازدانەرەکانە، ئەوان دەتوانن کەلتووری زمانەوانی و هەڵبەستی کوردی پێش بخەن، ئاستەنگ و گیروگرفت زۆر دێنە پێش هونەرمەندان، بەڵام هێزێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت ڕووبەرووبان ببیتەوە، هەروەها هونەری کوردی پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە ببینیوە، ئاشکراشیی کرد، حەز بە هەموو ئالەتە میوزیکییەکان دەکەم و سەرسامی دەنگی زۆرێک لە هونەرمەندانم بە هونەری باوکم سەرسام و هەر ئەویش پاڵپشتی سەرەکیمە لەو بوارەدا.

سودە سەرسوڕهێنەرەکانی سیر




توانا زرار

دکتۆرەکان دەڵێن ئەگەر سیر بۆنی نەبووا چی ئاوای لەگەڵ نرخی زێر کەمتر نەدەبوو.

سیر یەکێکە لەوجۆرە دەرمانانەی بە تام و بۆنێکی بەهێزی هەیەو وەک تام خۆشکردن بەکارهێنراوە لەبواری پزیشکی دێرینداا.سیر کانزا تەندروستەکانی وەک فسفۆر، پۆتاسیۆم، مەگنیسیۆم، زنک، کالیسیۆم، ئاسنی تێدایە. سەرباری یۆد، کبریت، کلۆر، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بەفۆلیک ئەسید، نیاسین، سیامین، ڤیتامین K، ڤیتامین A، ڤیتامین C، ڤیتامین B6، سەرچاوەیەکی باشیشە بۆ ئەلیسین، ئەلیساتین 1، لاستیسین. سیستەمی بەرگری لەش بەهێزدەکات و چارەسەری پەتا و ئەنفلۆنزا دەکات.هەروەها ڕێگرە لەگەشەی پەتا و ڕەشبوونی دڵ. بەسودە بۆ چارەسەری شەکرە و لەش ڕزگار دەکات لەژەهری نێو جگەر و دەتپارێزێت. لەکاریگەریەکانی ژەهراوی بوونی جگەر. بەسودە بۆ ڕزگاربوون لەژەهری گورچیلە و ڕێگرە لەتێکچونی خانەکانی میشک کەبەهۆی پیربوون و بەساڵاچوونەوە دروست دەبێت.بەسودە بۆ هاندان و باشترکردنی ژیری.

ناهێڵێت.هەروەهاچارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە دەکات بەهۆی بوونی کبریتەوە کەگەشەی وەرەمەکان ناهێڵێت.مرۆ ف دەتپارێزێت لەشێرپەنجەی میشک و ڕیگرە لەشێرپەنجەی سورێنچک. ڕێگرە لەپەرەسەندنی شێرپەنجەی پێست و مرۆف لەشێرپەنجەی مەمک دەپارێزێت و هاندەری مردنی وەرەمەکانە. ڕێگرە لەشێرپەنجەی سییەکان و شێرپەنجەی گەدە رادەگرێت و گەشەی شێرپەنجەی جگەر هێواش دەکاتەوە.ڕێگرە لەشێرپەنجەی قۆڵۆن.ڕێگرە لەشێرپەنجەی میزەڵدان و گەشەی شێرپەنجەی پرۆستات رادەگرێت. چارەسەری هەستیاری پێست دەکات و پێست دەپارێزێت لەتیشکی خۆر.هەروەها پێست دەپارێزێت لەپیربوونی پێشوەخت و فشاری بەرزی خوێن دادەبەزێنێت.و ڕێگرە لەتووشبوون بەنەخۆشییەکانی دڵ. بەسودە بۆ چارەسەری شەکرە و لەش ڕزگار دەکات لەژەهری نێو جگەر و دەتپارێزێت. لەکاریگەریەکانی ژەهراوی بوونی جگەر. بەسودە بۆ ڕزگاربوون لەژەهری گورچیلە و ڕێگرە لەتێکچونی خانەکانی میشک کەبەهۆی پیربوون و بەساڵاچوونەوە دروست دەبێت.بەسودە بۆ هاندان و باشترکردنی ژیری.

وزەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ



1- ئەو وزەیەی کە میشک بەکاری ئەهێنێت توانای داگیرساندنی گلۆپێکی 25 واتی هەیە.
2- لووت توانای جیاکردنەوەی 50000 بۆنی هەیە.
3- بچووکترین ئێسک لە لەشدا «ئێسکە ئاوزەنگی» یە کە ئەکەوێتە گوێی ناوەڕاستەوە و کە نزیکە «2.8 ملم»ە.
4- هەروەکوو مۆری پەنجە، زمانی هەر مرۆڤێکیش وەک هیچ زمانی کەسێکی تر نیە.
5- دڵ توانای بەرهەمهێنانی پەستانێکی هەیە کە ئەتوانێت خوێن بۆ «9.1» مەتر فڕێبدات
6- بە تێکڕا مرۆڤ لەماوەی ژیانیدا 18 کیلۆگرام پێست فڕێ ئەدات .
7- سەروو 650 ماسولکە لە لەشدا هەیە .
8- بە 6مانگ جارێک نینۆک بە تەواوەتی نوێ ئەبێتەوە .
9- ئێسکی ڕانی مرۆڤ لە کۆنکرێت بەهێزترە .
10- دڕێژی ڕیخۆڵە بچووک نزیکی 7 مەترە .

مەحمودی موعەزەمی

باس لە کەسایەتی بەهێز دەکات

دکتۆر مەحمودی موعەزەمی کە یەکێکە لە وانە بێژە دیارەکانی ئێران لە ڕووی دەروونیەوە باس لە کەسایەتی بەهێز دەکات و لەم بارەوە دەڵێ: ئەو کەسانەی لە ڕووی دەروونییەوە بە کەسانی بەهێز دەژمێردرێن، ئەو خاسیەتانەی خوارەوەیان هەیە:

١- کاتێک بەتەنهان، ناترسن.
٢- زۆر میشکی خۆیان بە ڕابردووەوە خەریک ناکەن.
٣- وا ببیرناکەنەوە، کە جیهان قەرزداری ئەوانە.
٤- خەم لەوە ناخۆن کە دەبێت خەڵک هەموو لێی ڕازیبێت یان دەبێت خەڵک لە خۆی ڕازیکات.
٥- کاتی خۆی بەوشتانەوە بە فیرۆ نادات کە لە دەسەڵاتی ئەودا نیە.
٦- واناکات کە خەڵک بەزەیی پیدابێتەوە، واتە (خەڵک ناخاتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکانی).
٧- بە سەرکەوتنی کەسانیتر بێزار نیە.
٨- شەرم ناکات لە بەدەست هێنانی مافەکانی خۆی.
٩- دوای شکست هێنان واز ناهێنێ...
١٠- کاتی خۆی بە لۆمەکردنی خۆی سەرف ناکات.